# گەشتی ئەستێرەی مەریخ

ڕێزلێنانی کوردستانی نوێ لەیادی میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی

ساڵی بیستو سێیەم ژمارە: (٦٢٨٤) دووشەممە ٢٠١٤/١/٢٠




**مەنگوڕی لە زاری هاودەمەکانییەوە .. ٢+٣+٤**




**ماڵباتی میرزا مەنگوڕی چی دەڵێن؟ ١٢+١٣+١٤+١٥**



**نووسینەکانی مشتومڕیان ناوەتەوە**



# وەفایەک بۆ میرزا مەنگوڕی

داستانی میرزا مەنگوڕیو کێشەکانی لەڕێی بیروباوەڕیدا مەعلومی گشت کۆمەڵی کوردەوارییە، لەم داستانەدا کوردستانی نوێش بەشی هەیە. کاتی خۆی، لەنیوەی یەکەمی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا، بیرەوەرییەکانی میرزا مەنگوڕی وەک کتێبی کوردستانی نوێ بەزنجیرە بڵاوکرانەوە، ئەوکاتەش بیرەوەرییەکان، وەکو بیروباوەڕەکانی مەنگوڕی، یارو نەیاری بۆ پەیدابوو، لەگەڵ ئەوەشدا چونکە ئەوە دەقی نووسراوی مێژووەو چونکە کوردستانی نوێ دەقی بەبیروڕای ئازادەوە گرتووە، زنجیرەکە نەوەستا تا هەمووی بڵاوکرایەوەو دوایش بەکۆششی بنەماڵەکەی، بەتایبەتی کوڕی میرزا مەنگوڕی، هاوپیشەو ئەکادیمستی بواری میدیا د. شێرکۆ مەنگوڕی، بووە کتێبو لەناو بەرهەمەکانی میرزادا نۆبەتی وەرگرت.

جا بەیادی ئەو یادگارییەی میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕیو وەک وەفایەک بۆ کۆششو ماندبووبوونی میرزا لەدەورانی میهراکۆو زێڕینای ئامێدی-یەوە تاگەشتی ئەستێرەکەی مەریخ، ئەم ڕێزلێنانەمان بەپێویست زانی تابچێتە پاڵ ڕێزلێنانە رۆشنبیرییەکانی دیکەی کوردستانی نوێ-وەو ببێتە دەرفەتێک بۆ ناساندنی دونیای سەرچڵییە فکیریو مێژووییەکانی نووسەرو مێژوونووس میرزا مەنگوڕییەوە.

دەبێ لێرەشدا سوپاسی هەموو ئەو ڕووناکبیرو دۆستانەش بکەین کە لەم دۆسێیەدا میوانی کوردستانی نوێ بوونو ئەندێشەیان لەسەر ئەندێشەی مەنگوڕی خستۆتەڕوو.

**لەجیاتی ماڵباتی کوردستانی نوێ**
**ستران عەبدوڵڵا**

## پێشەکی:
# میرزا مەنگوڕی بۆ؟

ڕەنگە زۆرێک لەگەنجەکان بپرسن میرزا مەنگوڕی کێیە؟ بۆ کەسایەتییەکی وەک مەنگوڕی لەکاتێکدا شاعیرو نووسەرو چیرۆکنوسو ڕەخنەگربووە کەچی ئەو گرنگییەی لەلایەن نەوەی نوێوە پێنەدراوە، ئاخۆ هۆکاری ئەمە چییە؟ میرزا مەنگوڕی بەگەڕانەوە بۆ خودی خۆی بۆ دنیابینی خۆی بێ پشت بەستن بەگرووپێک، یا کەسایەتییەک، یان بنەماڵەیەک، لەکاتو سەردەمی خۆیدا بێ سڵەمینەوەو ترسانو هەڕەشە ویژدانی خۆی کردە سەرپشک لەئاست ڕەخنەگرتن لەچەوتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی. هەرچەندە دەیزانی ئەو ڕەخنانەی دەبنە نەهامەتیەکی تر لەو نەهامەتیانەی ژیان کە بەرۆکی گرتون. چون ئەو ڕەخنانەی لە خزمەت خەڵکدا بون دژی گەندەڵی و خواریەکانی کۆمەڵگە بون. مەنگوڕی جیاواز لە زۆرێک لەو نوسەر و قەڵەم بەدەستانەی سەردەمەکەی، قەڵەمەکەی نەخستە خزمەت هیچ کەس و گروپێک بە چاوێکی ڕوونتر بۆ ژیان دەیڕوانی دنیابینین لای مەنگوڕی زۆر جیاوازتر بو لەو دنیابینەی کە خەڵکانێک خەونیان پێوە دەبینی.

مەنگوڕی ئامادەبو بچێتە بەردەم دادگا، دادگاش هەر سزایەکی بەسەردا بدات، بەڵام بە هیچ کلوجێک ئامادە نەبو لەو بیروڕایانەی لەو ڕەخنانەی کە بۆ ڕاستکردنەوەی کۆمەڵگە بون پاشگەز بێتەوە. مەنگوڕی قوربانی بە ژیانی خۆی و منداڵەکانی دا لەم پێناوەدا، ئەوەندەی بۆ خەڵک و ڕاستیەکان ژیان ئەوەندە بۆ خۆی نەژیا. نمونەی زۆر بەرچاویش هەیە کاتێک ڕوبەڕوی دەسەڵاتی زاڵمانەی ئاغا دەبێتەوە لەسەریان دەنوسێت زۆر شتی دەخەنە بەردەم لەبەرامبەر وازهێنانی لە ڕەخنەکانی بەڵام مەنگوڕی لە بەرامبەر ماڵی دنیا کۆڵ نادات.

ئەگەر بە وردی سەرنجی نوسینەکانی مەنگوڕی بەدەیت دەگەیتە ئەو ڕاستیەی کە دنیابینی مەنگوڕی نەک لە خەڵکی ئاسایی، بگرە لە نوسەران وشاعیرانیش جیاوازتر بوە، هەر بۆیە لە بواری ڕەخنەدا شاعیران و نوسەرانیشی نەبواردوە.

خاڵێکی تری وەرچەرخان لە ژیانی مەنگوڕیدا ئەوەیە کە لە ڕێزی یەکەمینەکانە کە لەسەر بیروڕای ئازاد ڕاپێچی بەردەم دادگا کراوە لە ساڵانی سییەکاندا، کاتێک کتێبی (هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن) بە چاپ دەگەیەنێت، دواتر دادگا بڕیار دەدات لە کارەکەی دەربکرێت بۆ ماوەی شەش مانگ و زیندانی بکرێت و کتێبەکەی کۆبکرێتەوە و بسوتێنرێت.

لە کاتێکدا مەنگوڕی لە دژی دەسەڵاتی تاکڕەوی و لاریەکانی کۆمەڵگا بوە کاری جیدی بۆ یەکسانی تاکەکانی کۆمەڵگە بوە کەچی بەوە تۆمەتبارکراوە کە بیری کۆمۆنیستی هەیە و دژی بنەماکانی کلتور و بیری نەتەوەییە.

بەهەر پێودانگێک میرزا مەنگوڕی هەڵبسەنگێنیت بۆ سەردەمەکەی خۆی وەرچەرخان بوە و شتێکی تازەی هێناوەتە ئاراوە و خزمەتی بە کۆمەڵ کردوە. تاوانە ئەم قەڵەمە بە بڕەشتە توشی ئەم هەمو دەردەسەریە کراوە، لەسەرو بەندی یادی (٢٦ساڵەی) کۆچی دوایی ئەم نووسەرە (١٩٨٨/١/١٢) ئەم پاشکۆیە تایبەتە بەشایستە زاندرا کوردستانی نوێ کردیە دیاری ئەم یادە.

**جەمال لۆلۆ**

# وریا قانع: شیعرەکانی قانعو مەنگوڕی لە ناوەڕۆکدا زۆر لەیەکەوە نزیکن



**وریا قانع**

مامۆستا وریا کوڕی شاعیری ناسراوی کورد قانع ، لە گێڕانەوەی یادەوەریەکانی مەنگوڕی دەمانباتەوە بۆ ئەو سەردەمانەی کە هاوڕێیەتی و دۆستایەتی نێوان قانع ومەنگوڕی بۆتە هەوێنی ناسینی کەسایەتی مەنگوڕی و ئاشنابوون بە دنیای ئەدەبیاتی ئەو شاعیرە . لەم دیدارەدا مامۆستا وریا قانع بەم شێوەیە تۆماری یادەوەریەکانی دەگێڕێتەوە .

***مامۆستا ناسیاویی جەنابت لەگەڵ میرزا مەنگوڕی دەگەڕێتەوە بۆ کەی و چۆن بووە؟**

-من لە ساڵانی ٥٩، ٦٠ و ٦١ی زایینیداماڵم لە سلێمانی بوو، من لە ماڵی باوکم جیا بووم و ئەوکاتە باوکم ماڵی لە سەیدسادق بوو، گەلێک جار کە باوکم ئەهات بۆ سلێمانی و دەمایەوە و زۆر جاریش کە دەهات بۆ سلێمانی لەناو بازار تووشی مەنگوڕی ئەبوو و دۆستایەتییەکی گەرمی لەگەڵ مەنگوڕیدا هەبوو و لە لەگەڵیدا ئەهاتەوە بۆ ماڵی ئێمە . ئەمە چەندین جار رووی دا و هەر لەو سەردەمەشدا (ساڵانی سەرەتای دەیەی ٦٠) باوکم لەسەر جادەی قەڵادزێ و رانیە چاوەدێری کرێکارانی جادە بوو، ماڵیشی لە رانیە بوو، هەموو رۆژانی هەینی کە بێکار و پشوو بووە، باوکم رۆیشتۆتە ماڵی مەنگوڕی و پێکەوە کاتیان بردۆتە سەر، بەڵام ئیدی ئەوە نایەتەوە یادم کە ئاخۆ ماڵی لە رانیە بووە، یان ئاخۆ بابم رۆیشتووە بۆ ئەو شوێنەی کە ماڵی ئەوی لێبووە، ئیدی لەوە نازانم، چونکە زۆر لەمێژە و لێی دابڕاوم.

***قانعی شاعیر هەتا چەند شیعرەکانی مەنگوڕیی بەلاوە پەسند بووە؟**

-دیوانێکی مامۆستا مەنگوڕیمان هەبوو، باوکم (مامۆستا قانع) زۆر حەزی لێ ئەکرد زۆربەی جار کە ئەیخوێندەوە، بەدەم خوێندنەوەوە خەوی لێ ئەکەوت و منی بانگ ئەکرد و ئەیوت وریا وەرە شتم بۆ بخوێنەرەوە و منیش کتێبەکە (دیوانی مەنگوڕی)م لی وەرئەگرت و خۆی رائەکشا و منیش بۆم ئەخوێندەوە. ئەوەندەم ئەو کتێبە شیعرانەم خوێندۆتەوە و ئەوەندەی پێخۆش بوو کە مامۆستا مەنگوڕی لە شیعرەکانیدا باسی کابرایەکی هەژار دەکات کە رۆیشتۆتە لای ئاغایەک و چۆن بۆتە نۆکەر و باسی رەوشتی ئاغاوات ئەکات کەلە کۆمەڵگای ئێمەدا چۆن بوون و چۆن لەگەڵ هەژاراندا ئەجووڵێنەوە، لە بەرامبەر چەوساندنەوەی ئەو خەڵکە بێدەرەتانانە چ مەبەست و ویستێکیان هەیە کە تەنانەت هەوڵی سووک کردن و دەستدرێژی کردنە سەر ناموسیشیان داون. لەو شیعرەدا کە زۆرم بۆ باوکم خوێندۆتەوە لە ساڵی ١٩٦٥ەوە هەتا ئێستا هەر لەبەرمە کە دەڵێ:

برام کوێندەریت، گەورەم پشدەری
لەچی ئەگەڕی، قوربان نۆکەری
چەند سەر خێزانی، میرم دوو نەفەر
ئاژاڵچییەك، گایەك یەك نەفەر
چەند ژنت هەیە، بەگم هەر ژنێ
پیرە یان جوان، حۆری نایگەنێ
ساڵێ دە تەغار، یەعنی گەنم و جۆ
کورتەك و پاڵە ئەی بزنێ بۆ دۆ
ئەویش بەسەرچاو، دەك چاوت خۆش بێ
چیترت ماوە، کراس و دەرپێ
چیت ماوە بڵێ، کڵاش بۆ هاوین
دەبڵێ پشتوێنی شای ئاغا بژین

لەم شیعرەدا مامۆستا مەنگوڕی باس لەوە دەکات کە ئەم کابرا هەژارە لە دەستەنگی و هەژاریدا رۆیشتۆتە لای ماڵی ئاغایەک و ئاغا پێی گوتووە کە ببێ بە نۆکەری و بڕیاری داوە کە خەڵات و بەراتی بکات و بژیوی ژیانیشی دابین دەکات. جا مامۆستا مەنگوڕی ئەو دەستدرێژی و سووکایەتییانەی کە ئاغاواتەکانی سەردەمی خۆی کردوویانەتە سەر ژن و ناموسی خەڵک و بەتایبەت نۆکەرەکان، بە شیعر بڵاوی کردۆتەوە. باوکیشم زۆری حەز لەم بابەت و شیعرانە بوو کە بەگژی سیستەمی دەرەبەگایەتی و فیۆدالیدا دەچوون، چونکە دیوانە شیعرەکانی خۆی ئەگەر هەر لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی تەماشای بکەی و لێی ورد بییەوە، هەتاڕادەیەک ناوەرۆکی شیعرەکانی وەهایە.

***شیعری قانعی شاعیرو میرزا مەنگوڕی لەچیدا لەیەک دەچن؟**

-شیعری قانع و میرزا مەنگوڕی جیاوازییەکی وایان نیە پێکەوە، تەنیا ئەگەر لەشێوازی داڕشتنیشدا نەختێ جیاوازییان هەبێ، هەرچەند هەردووکیان هەر شاعیری کلاسیکن، بەڵام لەناوەڕۆکدا زۆر پێکەوە نزیکن، یەکیان مامۆستا مەنگوڕیو یەکێکی دیکەیان موفتی پێنجوێنیو ئەوی دیکەشیان باوکم (قانع)ە، ئەم سێ شاعیرە زۆر دژی دەرەبەگایەتیو زوڵمو چەوسانەوەی هەژاران بوون. دژ بەتەکیەو خانەقاو موفتەخۆرانو شێخی ئیرشادو دواکەوتوویی بوون. ئەم سێ شاعیرەی کورد ناوەڕۆکی شیعرەکانیان لەوانەیە هەموویان هەر یەک شت بن، بۆیە ناوەڕۆکی شیعری ئەو دوو شاعیرە لەگەڵ میرزا مەنگوڕیدا یەک دەگرنەوەو وەک یەک وان.



گڵکۆی مەنگوڕی لەسەر چیای کێوەڕەش

# جەمال ڕەشید: مەنگوڕی هەوڵی ئەوەی بوو، خەڵک لەبەردەم ستەمکاراندا سەر شۆڕنەکەن



**جەمال ڕەشید ئەحمەد حەوێزی**

جەمال ڕەشید هاوڕێ و هاوسەردەمی مەنگوڕی کەسایەتیەکی نیشتمانپەروەرو شانۆکار و هونەردۆستێکی دیاری دەڤەری پشدەر و ڕاپەڕین ، ئەمانباتەوە ئەو ڕۆژگارەی کە هەڵوێست و کارەهونەریەکانی مەنگوڕی لەو سەردەمەدا چ جوڵانەوەیەکی دروست کردبوو .

***ئاشنایەتیی بەڕێزت لەگەڵ میرزا مەنگوڕی بۆ ساڵی چەند دەگەڕێتەوە و چۆن لەگەڵ ئەو پیاوە ئاشنا بوویت؟**

-ئاشنایەتیی منو خوالێخۆشبوو میرزا مەنگوڕی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز، لەبەر ئەوەی کاتێک لە ساڵی ١٩٥٢ هاتۆتە ڕانیە و ئەمنیش ساڵی ١٩٥٧ هاتمە ڕانیە و ئەوکاتەش کە من هاتمە ڕانیە، ئەو فەرمانبەر بوو. ئەمن قوتابییەکی دەرچووی پۆلی سێی ناوەندیی کۆیە بووم و لە خوێندن دابڕابووم. لەو ماوەیەدا تێکەڵاویمان زۆر کەم بوو هەتا دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز کە کەوتینە پێشکەش کردنی چالاکییەکانی وەکو نەورۆز و بۆنە حیزبی و ڕۆشنبیرییەکان و لەو کاتانە دەگەیشتینە یەکتر. یانی ساڵی ١٩٥٨ لەگەڵ میرزا مەنگوڕی ئاشنایی و پێوەندیم پەیدا کرد.

***چۆن کەسایەتییەکی هەبوو و چۆن دەڕوانیتە ئەو نووسەرە؟**

-کاتی خۆی من لەم بارەوە شتێکم لەبارەیەوە نووسیوەو لەساڵیادەکەیدا خوێندوومەتەوە کە ئەمە کورتەیەکیەتی. لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە شاعیر (میرزا مەنگوری)یان نەناسیوە، یان ناسیویانەو باشتر وایە چاکتری بناسن. میرزای نەمر (میرزا مەنگوڕی) مێژوونووسی کوردو شاعیری کوردستانو مرۆڤپەروەرو پیاوێکی کورتە باڵا و تێکسمڕاوی سینگ پان و کەللە زل و چاو گەورە و مل کورتی بازۆڵ قەوی و ئەتۆ ئەستوور و پێست ڕەشێکی کراوە و دەنگ قەبە و قسەخۆش و کاتێک جلکیشی لەبەر دەکرد هەمیشە دەستی دەخستە نێو گیرفانی و چۆغەکەی و بۆ جلکی کوردیش ڕانک و چۆغەی خورمایی لەبەر دەکرد و شەدەی ڕەشی لەگەڵ دەپێچا.

لەباری خوو ڕەوشتەوە بەڕاستی بۆ کەسێکی وەکو من نایەتە تەرازووی کێشە، چونکە ئەوەندە بە ڕەوشت و بە ئەخلاق بوو، تێکەڵاوی کەسانێک نەدەبوو ئەگەر بیزانیبا بە دڵی نییە، هاوشێوەی خۆی نەبایە نەدەچوو، زیاتر لایەنی ڕۆشنبیری و ئەدەبیی لەبەرچاو بوو. دەچووە ناو کۆمەڵ بۆ ئەوەی خەڵک فێر بکات و ڕۆشن و بە ئاگایان بکاتەوە، دەچووە لای وەرزێر بۆ ئەوەی لە زوڵمی ئاغا و دەرەبەگ ئاگاداریان بکاتەوە. ئێستاش هەڵبەستەکەی هەر لەبیرمان ماوە کە دەیگوت:

دە هەستە هەستە گاڕەش
بۆ خۆمان بووینە خاوەن بەش

یانی مەنگوڕی هانی جوتیارانی دەدا، میرزا لەوپەڕی ڕۆشنبیری و زانست و زانیاری و مێژوونووسی و ئەدەب و خەم دۆستیدا، لەگەڵ کەسانی فەقیر و هەژار تێکەڵاو بوو و حزی لە یارمەتییان بوو.

***لەناو کۆمەڵدا چۆن پیاوێک بوو و چۆن هانی خەڵکی دەدا؟**

-هەمووکات وەک چۆن ئەڵێی هەوێنی شۆڕش بوو، هەوێنی سیاسەت و خەبات و تێکۆشان بوو، بە شیعرەکانی خەڵکی هان دەدا، هەوڵی ئەوە بوو خەڵک سەرشۆڕ نەکەن، بۆ وێنە دەیگوت جووتیار تۆ ئەو هەموو هەوڵ و کار دەکەی کوا دەرامەت و پارەت، کاکی قوتابی کوا پێداویستی و قوتابخانەکەت، کوا دەرچووی زانکۆ و فەرمانبەرت، کوا خاک و وڵاتەکەت؟ یانی هەموو کات لەسەر ئەو قسە و ئامۆژگاری و هان دانانە بوو. دەچووە هەر وشوێن و دووکانێک ئەمە قسەی بوو، یانی زۆر جاری وا هەبوو کە دووکاندار لێی هەڵاتبێ کە ڕۆیشتۆتە ئەوێ و ئەو قسانەی کردووە، نەوەکو سەرباسێک بکاتەوە.

یانی کەسێکی بوێر بوو و شتێک بەناوی ترس لەلای نەبوو. ئەوەی باوەڕی پێ بایە دەیگوت، هەموو قسەکانیشی ئەوە بوو لەگەڵ ئەمن و بەتایبەت لە شانۆگەرییەکاندا، دەیگوت تکات لێدەکەم کاک جەمال قسەکانیان جوان و پاراو بن، سنووری ئەخلاق نەبەزێنن، چونکە ئەو خەڵکە ڕەخنەمان لێدەگرن. ئێمە کە خۆمان وەکو ڕۆشنبیر یان وەکو کەسێکی تێگەیشتوو دادەنێین، با هانی خەڵکەکە بدەین کە چۆن ئوسلووبی قسەکردن و ڕەوشت فێر دەبن. چۆن ڕێز لە خەڵک و کۆڕەکە دەگرن و هەمووکات دەپاڕایەوە و پێداگریی لەسەر ئەمانە دەکرد.

***پاش نووسینی کتێبی (گەشتی ئەستێرەی مەریخ) و ئەو ڕووداوەی کە رووی دا، جەنابت وەک شایەحاڵێک ئەو ڕووداوە چۆن ئەگێڕیتەوە؟**

-ئەم کتێبەی کە لەلامە بەڵگەی ئەو ڕووداوە و شایەتحاڵەکەیە کاتێک ئەم کتێبەم کڕیوە لەسەریم نووسیوە "ڕانیە - ١٩٧١ گەڕەکی قولە" کە ئەوکاتە ماڵمان لە گەڕەکی قولە بووە. دوای سێ چوار مانگ ئەو بەزمە بەسەر مەنگوڕیدا هات. ئەو خۆپیشاندانە خەڵک و ئیسلامییەکان و هەندێک کەسی دیکەش کە لەگەڵیان کەوتبوون، بە قەناعەتی من دەستێکی پیسی لە پشتەوە بوو، بۆ؟ چونکە لەو کارەدا تەنیا مەلاکان و دەروێش و فەقێ نەبوون، کۆمەڵێک خەڵکی دیکە لەناو بازار لەگەڵ ئەو خۆپیشاندەرانە کەوتن، خەڵکێکی یەکجار زۆر بوون، بەودیوی بانکەوە یانی بەلای باخی گشتیدا، ئێمە لەوێ ڕاوەستابووین، دوو کەسی لێبوو، یەکیان فکرەی چەپی هەبوو، کە هەر ئیمانیشی نەبوو، ئەوەی دووەمیان بە میوانی لە سلێمانییەوە هاتبووە ماڵی کەسێک کە هی ئەمن و ئیستخبارات بوو کە پێکەوە هاواریان دەکرد "بیکوژن، ڕاوی بنێن، لەناوی بەرن" من پێم گوتن کاکە گیان ئەگەر مەلا و شێخ و دەروێش وا بڵێن ئەوە خۆی شتێکە، بەڵام ئێوە بۆتان نیە. من بە یەکیانم گوت تۆ یەکەمیان نوێژ ناکەیت دووەم ئەتۆ کەسێکی چەپی و بۆ خۆت ڕقت لە پارتیە و ئەویش کە پارتیە و هێندەی دیکە ئەو بەزمە دەکەی. ئیدی خۆپیشاندانەکە هەتا دەهات شەپۆلی دەدا و بە حەشیمەتەکە زیاد دەبوو، یانی وای لێهات هەتا شێخ مستەفا و چەند کەسێکی دیکە هێنایانە ناو سەرا و لەوێشەوە چۆنیەتیی بەڕێکردنی بۆ سلێمانی ئیدی لەوەوە بەولاوە ئەمن نەمدیت، چونکە ناوەندی سەرا دوو دەرکەی تێدابوو، جا چۆن بە دەرکەی ئەولادا ڕۆیی ئەمن نەمبینی، چونکە ئاپۆراکە زۆر بەربڵاو و بەرین بوو.

***جەنابت پێت وایە ئەو کتێبە شتێکی ئەوتۆی تێدایە کە دژی بیروباوەڕی خەڵک بێت؟**

-نەخێر، ئەو هەر لە سەرەتای کتێبەکەیدا دەڵێ وەک چۆن پێغەمبەر (د.خ) ڕۆیشترۆە میعراج ئەمنیش هەر بەو چەشنە بیرم لێکردۆتەوە و خەونەکەم گێڕاوەتەوە، لەوەی زیاتر پێم وابێ شتێکی تێدا نیە. مەگەر ئەوەی کە خۆی شوبهاندبێ بە پێغەمبەر، چونکە لە پێشەکەیەکەیدا نووسیویەتی هەر ئەوە شەوەی کە پێغەمبەر چووەتە میعراج و منیش چاوم بڕیوەتە ئاسمان و خەوم لێکەوتووە و لە خەونمدا ڕۆیشتم لەوە زیاتر هیچ شتێکی تێدا نیە. چونکە ڕەنگە سێ چوار جاریشم خوێندبێتەوە. ئێستا کتێبێک بەناوی "شەوێک لەگەڵ خەیام" مەلایەکی ئایینی نووسیویەتی، خەیام لەوێدا زۆر جار ڕووبەڕووی خوا بۆتەوە و لەگەڵ خەیام تێکەڵ دەبێت و قسە ڕوو بە خوا دەکات، جا بۆیە ئەوەی کە لەگەڵ خەیامیش تێکەڵ بووبێت و بیکاتە ئەو مەسەلە وابزانم ئەوەی مەنگوڕی ئەوەی تێدا نەبوو، ئەو



سلێمانی، ١٩٧٩ مهرەجانی شعری کوردی

دەڵێ من بە خەون ئەو کارەم کرد. ئەمن لێرەدا نووسیومە داوای لە نەتەوەی کورد دەکەم با ئەوەی مەنگوڕی دەڵێ بە خەون چوومەتە ناو گەشتی مەریخ، تکا لە هەموو لاوان و گەنجان و خوێندکاران و مامۆستایان دەکەم با خەونەکەی بکەینە راستی. ئەوان دەبێ ساروخ یان ئامێرێک ساز بکەن، نەک هەر ئەستێرەی مەریخ، بەڵکو هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان و هەموو وڵاتانی جیهانیش بگەڕێن و هەر زانست و زانیارییەک کە هەیە کە سوودی بۆ میللەتەکەمان هەیە بۆمانی بهێننەوە. با ئەوە هەر خەون نەبێ و بیکەینە راستی.

**٭مامۆستا تۆ پێت وا نیە ئەو بەرهەمانەی مەنگوڕی وەک پێچویست خەڵک نایاناسێت، پێت وایە هۆکارەکەی چییە؟**

-هۆکارەکەی ئەوەیە کە جارێک دەرنەکەوتوون، کەس نەیدەزانی و لەسەری نەدەنووسی و تەنانەت ئەوکاتەی (١٩٧١) کەلە رانیە روویی هەتا کۆچی دوایی کرد ئیتر من نەمدیتەوە هەتا ئەوکاتەی کە کۆچی کرد و تەرمەکەیمان بینییەوە. چەند جار چوومە سلێمانی و نەمبینییەوە، چونکە ئەو لەلای تەوێلە و دەورووبەری هەڵەبجە بوو. ئەمن پێم وابوو بەرهەمەکانی هەر "ماراکۆ و گەشتی ئەستێرەی مەریخ"ە لە دوای ئەوەی کە ئێستا شێرکۆ (کوڕی میرزا مەنگوڕی) یان بنەماڵەکەی کە ئێستا دیسان بۆیان چاپ کردووە یان بە بەرهەمەکانی دیکەوەی خەریکن کە بۆی چاپ بکەنەوە، دەنا من نەمدەزانی ئەو هەموو بەرهەمەی هەیە.

ئەمە بەشێکە لەو سەرقەڵم و یاداشتەی کە رۆژی خۆپیشاندانەکە بەدژی میرزا مەنگوڕی راپەڕین.

"١٩ی مایسی ١٩٧١ ی زایینی خەڵکی رانیە، بە سەرۆکایەتیی مەلاکان خۆپیشاندانیان کرد بە نیازی کورشتنی میرزا مەنگوڕی و هەموویان لەبەر دەرکی سەرای رانیە کۆ بوونەوە".

**٭هەڵوێستی مەنگوڕی بەرامبەر بەو خەڵکەی کە بەدژی راپەڕیبوون چۆن بوو؟**

-هەموو کات دەیگوت، بۆ وا دەکەن؟ وەرن پێکەوە دانیشین بیروڕا و گفتوگۆ بکەین و بزانین لە چیدا بە یەک ناگەین، دەیهەویست مەسەلەکە بە خۆشی چارەسەر بکرێت، بەڵام خەڵکەکە کە تووڕە بوون و گوێیان بە قەسەکانی نەدەدا، کاکە خۆ هەموو خەڵکی رانیەش نەبوو. بۆ وێنە ئەگەر لەو خۆپیشاندانەدا ئەگەر هەزار یان هەزار و پێنجسەد کەس کۆ بووبێتەوە، شاری رانیە کە ١٥٠ هەتا ٢٠٠ هەزار کەس بووبێت، ئەوە نوێنەری ئەو خەڵکە نیە، چونکە لە شوێنەکانی دیکەشەوە خەڵک هاتبوون، رۆشنبیران و کەسانی خوێندەواری تێدا نەبوون، ئەو رۆژە وەکو ئەوە وابوو کە بتەقێتەوە، دەنا چەند مانگ پێشتر کتێبەکەی بڵاو کرابۆوە.

**٭پێت وا نیە ئەو کتێبەی مەنگوڕی لەلایەکی دیکەشەوە دژایەتیی ئاغاواتەکانی تێدا بووە؟**

-نەخێر ئەو وەکو خۆی دژی ئاغاکان نیە، بەڵکو دژی رەفتارەکەیەتی کە چ دەکات بەرامبەر ئەو چینەی لەژێر دەستیەتی کە دەیچەوسێنێتەوە، واتە جوتیار و وەرزێڕەکان. ئەو مەبەستی ئەوە بووە کە ئاغا لەگەڵ جووتیار دەبێ چۆن هەڵسوکەوت بکات، دەبێ یارمەتیی بدات، پێداویستیی زەوی و زار و پارەی پێ بدات. بەرهەمی لێوەر بگرێت هەتا ئەویش قازانج بکات و ژن و منداڵەکانی پێ بژین. بەروبوومی جووتیار ئەوەی لە ئاغا بە زیاد بێت دەفرۆشرێتەوە بۆ میللەت و ئەم قسانەی باس دەکرد.

٭وەک کەسێک کە لە میرزا مەنگوڕی نزیک بوویت، ئایا حاڵەت و خەسڵەتی تووڕە بوونی هەبوو؟

-ئەمن لەو کاتەوەی کە لەگەڵ بووم، تەنانەت لە شانۆگەرییەکانیش خۆی تووڕە نەدەکرد، یانی من نەمبیستووە کە رۆژێک کەسێک سەردانی شوێنی کاری میرزا مەنگوڕی بکات و بە تووڕەییەوە لەلای میرزا هاتبێتە دەرەوە. من لەناو خەڵک و جەماوەردا نەمبینیوە هێما و نیشانەی تووڕە بوونی پێوە دیار بێت.

**٭پێت وایە لەڕووی فکرەوە میرزا مەنگوڕی لەژێر کاریگەری کاک فکر و ئایدیادا بوو؟**

-فکر و روانگەیەکی گشتیی هەبوو، لایەنی کرێکار و جووتیار و هەژار و خاوەن سەرمایە و تەنانەت شێخ و مەلاشی دەگرت، بەڵام خۆ میرزا مەنگوڕی قەت ئینکار و حاشای لە بوونی خوا و پێغەمبەر نەکردووە، بۆ هەژار و دەستەنگەکان هەوڵ و تەقەلای داوە کە خوازیاری کارگە و ناوەندی بەرهەمهێنان بوون و بۆ قوتابی و خوێندکارانیش داوای قوتابخانە و ناوەندی خوێندنی کردووە. بەڵام من پێم وایە ئەو داواکاری و داخوازییانەی مەنگوڕی بۆ ئەو سەردەمە قورس نەبوون، بەڵام خەڵکەکە پێی قبووڵ نەکراوە، دەنا ئەوەندەش توند نین و هیچکات لە بەردەم ئیسلامدا رێگر نەبووە. یانی ئەگەر ئامۆژگارییەکی بابێک بکات کە لەگەڵ کوڕەکەت باش بە، مەگەر ئەمە چیە؟ خۆ منداڵ بۆ خۆی نەهاتۆتە ئەم دنیایە، ئەوە باوکیە هۆکاری هاتنیە، بۆیە نابێ زوڵم و ستەم لە مناڵەکانی بکات.

**٭جەنابت پێت وایە ئەو کارە لە دەرحەقی مەنگوڕیدا کرا، هەتا چەند زوڵم بوو؟**

-بەڕای من زۆر، رەنگە زۆر کەسیش پەشیمان بووبێتەوە. یەک لەو کەسانەی کە پەشیمان بۆتەوە، مەلایەکە پێم خۆش نیە ناوی بێنم، گوتی ئەمن پەشیمانم لەو کارەی کردوومە.

**پێت وایە نووسینەکانی مەنگوڕی لە خزمەتی بیری چەپ دان یان نەتەوەیی؟**

-من پێم وایە جیا لە نەتەوەیی بوون، هەموو لایەک دەگرێتەوە، ئەو دەڵێ نابێ کوردایەتی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگ بێت، ئەوەی کە کاتی خۆی چەپ داوای کردووە وەک مافی ئافرەت، کرێکار، لاوان، قوتابیان، ئازادی و رێگاوبان کشتوکاڵ مەنگوڕیش هەر ئەوەی داوای کردووە.




قسەکانی میرزا مەنگوڕیش هەروەک پەیڕەو و پرۆگرامی حیزبێکیش راست و دروستن کە لەبەرچاو بگیرێن. چونکە داخوازییەکانی ئەوە بوو. ئەو هەموو کات داخوازی حەق و راستی بوو، لە هەموو شانۆگەرییەکدا ئەو رۆڵەی دەگێڕا، بەتایبەت لە شانۆی کاوەی ئاسنگەردا دەوری کاوەی گێڕا. ئەو پێی وابوو نابێ تەنیا هەر کاوە خوێنەکانی کوڕەکانی خۆی برێژێ، بەڵکو دەبێ نەتەوە لەپێناو گەیشتنی نیشتمان بە ئاوات ئازادی و رزگاری و خۆشی و مراد کوڕەکانی خۆی بەخت بکات. چونکە زاڵمەکە ئەگەر بێت و خوێنەکە بخواتەوە، پێی دەمرێ و خەڵکیش بە ئاوات دەگەن.

**٭پێت وایە مەنگوڕی بەو بارودۆخە رازی بوو؟**

-نا ئەگەر رازی ببایە بەو چەشنە نەدەتەقییەوە، کە من چەند جارێک کتێبەکەم خوێندەوە پێم گوت کاکە میرزا دەزانی ئەم بابەتە زۆر گرنگە، وتی ئەمن شۆڕشێکی دیکەی بەدەستەوەیە، کە شانۆگەریی کاوەی ئاسنەگەرمان کرد گوتم ئەوە بەم کارەت زەحاکت کوشت؟ دەیگوت کاکە جەمال چاوەڕوان بە بزانە چ شۆڕشێک دەکەم و چۆنی دەتەقێنمەوە، ئەوە بوو کە بینیمان. خۆ ئێستا ئەگەر بێت و کتێبی "گەشتێک بۆ ئەستێرەی مەریخ" لێک بدرێتەوە، داهێنانێکی زۆر بەناوبانگە لەبۆ میرزا مەنگوڕی، ئەو بەو کارەی شۆڕشێکی بەرپا کرد کە ئێستا خەڵک دەزانێ کە بەرهەمی شۆڕشەکەی ئەو چیە. ئەوکاتە بۆ خۆی ئۆپۆزسیۆن بووە، ئەگەر وەکو پارتیش بووبێت، ئەوکاتە لە ساڵی ١٩٦٣ هاتۆتە ناو پارتی. پارتی بۆ شۆڕشی کرد؟ میرزا بۆ رۆیشتە ناو پارتی؟ ئەوکاتە تەنیا حیزی شیووعی و پارتی هەبوون، ئەگەر پارتی نەیزانیبایە رژێمی عیراق دوژمنە و داگیرکەرە و مافی خەڵک زەوت دەکات، قەت چەکی لێ هەڵنەدەگرت، کەوابوو پارتی ئەوکاتە ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی عیراق بوو، میرزا مەنگوڕیش لەناو ئۆپۆزسیۆن بوو.

**٭مەبەستی من ئەوەیە میرزا ئۆپۆزسیۆنێکی ناوخۆیی بوو یان لە چوارچێوەی گشتیدا؟**

-نا ئەوکاتە رەخنەی لە سەرکردایەتی نەدەگرت، رەخنەی لە بارودۆخ و سیستەمی حکوومەت دەگرت و بۆ خۆشی لە بیرەوەری و ژیاننامەکەیدا نووسیویە کە "عەبدولسەلام" هاتۆتە ئێرە چ شیعرێکی خوێندۆتەوە و چی وتووە لە بەرامبەریدا، کەسێکی چاونەترس و نەبەز بووە، تەنانەت دە دینار خەڵاتیان پێدابوو، ئەو دە دینارەی لەگەڵ شیعرەکەی بۆ شۆڕشی کورد نارد. مەنگوڕی لە هیچ شتێک سڵی نەدەکردەوە.

**٭وەک خۆت چ بیرەوەرییەکت لەگەڵ مەنگوڕی هەیە؟**

-جارێکیان کۆبوونەوەی ئەندامانی حیزبی بوو لە رانیە لەماڵی ئەوان پێکمان هێنا و تەنانەت داوای لێکردم و وتی پێم خۆشە ئەتۆ راپۆرتی کۆتایی کۆبوونەوەکە بنووسی، ئەمن گوتم بە هیچ شێوەیەک نایونووسم هەتا جەنابت وەستابێیت نایونووسم، چونکە لە من رۆشنبیر و نووسەرتر و گەورەتری. بە هەر جۆرێک بوو بە منی نووسی، من هێشتا منداڵ بووم ئەوکاتانە. هەرکاتێک میرزا مەنگوڕی دێتەوە خەیاڵم، مووچرک بە لەشمدا دێت، خۆشم دەوێ، هەرکات قسەکانمی وەبیر دێتەوە، یان هەمیسان نووسینەکانی دەخوێنمەوە. ئەم نووسینەش کە لەلامە دوایین شانۆگەریی ئێمە بوو پێکەوە، چونکە ئەو شانۆگەریەمان ٢١/٣/ ١٩٧١ بوو. ئەو رووداوی خۆپیشاندانە کە بەدژی سازدرا رێکەوتی ١٩٧١/٥/١٩ هاتۆتە ئاراوە. لە شانۆگەریەکەدا کە ئێمە لیژنەی شا و وەزیرەکان بووین، کە وێنەکانمان وەردەگرتەوە نەماندەزانی خۆی و کاوە و کوڕەکانی دەکەونە دەست کێ و نەشماندەزانی کێ وێنەکانمان لێ دەگرێ، چونکە کاتی خۆی "مەلا فاتیح" بوو، مەلا فاتیحیش نەما و ئیدی ئەوانەی کە دەهاتنە بەردەمی شانۆ نەماندەدیت، تۆ کاتێک لەسەر شانۆی بیرت لەلای ئەوە نیە کە کێ وێنەت دەگرێت. سڵاو لە گیانی پیرۆزی، نەمری بۆ مەنگوڕی، ئێستاش لەبەردەمی پەیکەرەکەی لەبەردەمی سەرای (رانیە) دەنوارمە گۆڕ مریەم و گۆڕەکەی. دەڵێم میرزا لە گۆڕەکەت شاد بە ئێستا نەوەی نوێ پەیدا بووە، پشت بە خوا خەونەکانت دەکەنە راستی، ئەتۆ کە یەکەم "رائیدی" فەزا بووی و بە خەو چوویە "گەشتی مەریخ"، بەڵام دەبێ بەڕاستی نەوەکانت ئەم کارە بکەن و بەرهەم و بیروباوەڕەکانت بە ئەنجام بگەیەنن. ئەو زانست و زانیاریەی کە دەتەویست خۆت و نەتەوەکەت بەدیی بێنن، نەوەکانت بگەڕێن و لە هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان بگەڕێن و هەرچی هەیە بیهێننەوە و

# نەوزاد جەمال: مەنگوڕی لەپێش ڕووداوەکانی سەردەمی خۆیەوە بووەو خاوەنی بیرو هزرێکی یۆتۆپیستییە



**نەوزاد جەمال**

نەوزاد جەمال مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین لەبەشی فەلسەفە ، بەجیاواز لەخەڵکی تر لەم دیدارەدا شرۆڤەی هزر و دنیابینی میرزا مەنگوڕی و کاریگەریەکانی لە کات و سەردەمی خۆی دەخاتە روو ، ئەو پێی وایە میرزا مەنگوڕی شتێکی ئەوەندە دژ بە کۆمەڵگەی نەوتوە تا کۆمەڵگەش دژی بوەستنەوە .

***پێناسەی بەڕێزتان بۆ کەسایەتیی میرزا مەنگوڕی چییە؟**

-میرزا مەنگوڕی لە روانگە و بۆچوونی منەوە، بیرمەندێکی یۆتۆپیستە (بەو مانایەی کە کەسیکە کە خاوەن بیرکردنەوە و جیهانبینییەکە کەلە واقیع دایە) بە واتایەکی دیکە مەنگوڕی کەسێکە کەلە پێش ڕووداوەکانی سەردەمی خۆیەوە بووە. پێش گیروگرفت و قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆی بووە. مەنگوڕی لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بیری کردۆتەوە و لەوێوە روانیویەتە داهاتوو. کەسێکە داهاتوو بینە، بۆ دوارۆژی خۆی روانگەیەکی هەیە، ئەتوانم بڵێم یەکێکە لەو کەسانەی کە خاوەنی بیر و هزرێکی یۆتۆپیستییە لەناو خوێندەوار، رۆشنبیر و کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردەکانی سەردەمی خۆیدا.

هەرچەند مەنگوڕی خاوەنی روانگەیەکی داهاتووخوازبووە، هاوکات کەسێکی رەخنەگریش بووە، مەنگوڕی هاتووە بە قسە کردن لەسەر کێشە و ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵگەی کوردی، بۆ وێنە لە دواکەوتوویی، زاڵبوونی هزری خورافی، هەژاری و چەوساندنەوەی سیاسی رەخنەی گرتووە.

ئەگەر بێت و چاوێک بە بەرهەمەکانی وەک "گەشتی ئەستیرەی مەریخ" یان خود "جیهانێک بە پێکەنین" و "دەستوری ژیـان"دا بگێڕین، دەبینی هەر یەک لەمانە دید و روانینێکن بـۆ داهـاتـوو، بـەڵام هـاوکـات رەخنەیەکی راستەوخۆشن لە سـەردەم و رۆژگـاری خۆی کە مرۆڤی کورد تێوە گلاوە. لە خوێندنەوەی مەنگوڕیدا مرۆڤی کورد زۆر چەوساوە و هەژار و داماوە و قەیران و کێشەی زۆری بەسەردا هاتووە، لە بەهۆی هەژاری لە رەوتی شارستانی دواکەوتوویی و داگیرکاریی سیاسی و نەبوونی ئازادی، ئەو پێی وابووە رزگارکردنی مرۆڤی کورد لەرەڕووی هزری، رۆشنبیری و خوێندەوارییەوە دەستەبەرکردنی داهاتوویە، داهاتوویەک کە سەربەخۆ لە قەوارەیەکی خۆبژیویدا بژی.

***هەروەک دەزانین مەنگوڕی خاوەنی زۆر رەهەندی فکری بووە، تۆ پێت وایە زیاتر لەژێر کاریگەریی کام رهەندی فکریدا بووە؟**

-لەبەر ئەوەی من هەموو بابەت و بەرهەمەکانی مەنگوڕیم دەست نەکەوتووە و نەمخوێندۆتەوە، نەختێ بڕیاردان لەم بارەوە ئەستەمە، بەڵام هـەروەک پێشتریش گوتم مەنگوڕی خاوەنی روانگە و جیهانبینییەکی رەخنەگرانە بووە، یەک لەو خاڵانەی کە تایبەتمەندیی مەنگوڕی دەردەخات ئەویش ئەوەیە کەسێ: بووە زۆر کاری کردووە لەسەر هۆکاری دواکەوتوویی کۆمەڵگە، هۆکاری دواکەوتووییش رەنگە بگەڕێتەوە بۆ یەکێک لەو کێشە و گرفتانە کە زاڵبوونی وەهم و خورافە بووە، یان خود لەپێستی بیروباوەڕی ئایینیدا لەو سەردەمە خۆیان دەرخستووە. بۆیە کاتێک لە نووسین و شیعرەکانیدا رەخنە لەزاڵبوونی بیروبۆچوونێک بەناوی ئایینەوە دەگرێت کە رێگرە لەبەردەم ئازادبوونی عەقڵ و هزری مرۆڤی کورد لە رووی سیاسییەوە، هاتووە بە توندی رەخنەی لێگرتووە و قسەی لەبارەوە کردووە. کەواتە ئەتوانین بڵێین یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی مەنگوڕی ئەوەیە کە هەر لە سەردەمانی زووەوە رەخنەگرێکی بیروباوەڕی ئایینی بووە، هەڵبەت لە سەردەمی ئەویشدا رەخنەگرتن لە بیروباوەڕە ئایینیەکان دەخرایە ئەو خانەیەوە کە کەسەکە مارکسیست و دژە دین بووە.

مەنگوڕی باوەڕی وابووە مرۆڤ دەبێ ئازاد بێت، پێی وابووە ئەوەی بەناوی ئایینەوە دەرحەق بە مرۆڤی کورد دەکرێت، شتێکی نائایینیە، بۆیە رەنحنەگرتن لە بیروباوەڕی زاڵ و چەقبەستووی ئایینی کە لێکدنەوەیەکی زۆر ناساردەمییە بۆ ئایین، هۆکارێکە بۆ دواکەوتنی نەتەوەی کورد، بۆیە ئـەوە کەسانەی کە بیروبۆچوونەکانی مەنگوڕییان باش نەخوێندۆتەوە یان خود بەباشی لێی تێنەگەیشتوون، لەوانەیە ب جۆرێک لە جۆرەکان مەنگوڕییان کردبێتە کەسێکی لایەنگری بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیی مارکسیستی، یان دەژە دین. کەلە راستیدا وا نیە ئەوەندەی من خوێندبێتمەوە و لێی تێگەیشتنبم.

مەنگوڕی هەروەک لە نووسینەکانیدا دەردەکەوێ رووناکبیرێکی داهاتووبین و رەخنەگرێکی سەردەمی خۆی بووە و قامکی لەسەر پرسەکانی کۆمەڵگاکەی دانـاوە، ئەمە وای کـردووە کە یەکێک بێت لـەو نـووسـر و رۆشنبیرانەی سەردەمی خۆی کە زۆر زوو دەرکی بە کێشە و گیروگرفتەکانی کۆمەڵگەی خۆی کردبێت. هـەر ئەمەش وای لێکردووە کە خەڵک بە جۆرێک قبووڵی نەکەن، چونکە بە درێژایی مێژوو ئەو کەسانەی کە بە جۆرێک رۆشنبیر و خوێندەوارن و واقیعی کۆمەڵگەی خۆیان بە باشی ئەناسن و رەخنەی لێ ئەگرن، بە ئاسانی جێگایان نابێتەوە، بەتایبەت لەو کۆمەڵگایانەی کە کراوە نین و هزری دیالۆگی رەخنەیی قبووڵ ناکەن، بۆیە مەنگوڕیش هەر تووشی هەمان چارەنووس ئاوارەیی، تۆمەت، سزا و زیندانی وپەرتەوازەیی و راگواستن ... بووە. ئەمانە هەموویان بەشێکن لە دەوڵەمەندیی دید و جیهانبینیی مەنگوڕی کە وای کردووە کەسێک بێت و گەشبین بێت و بەرەو داهاتوو بڕوات و کۆڵ نەدات. کاتێک سەیری کتێبەکانی دەکەین، دەبینین مرۆڤێک لە قوڕگی ناسۆری و نەهامەتی و لەوپەڕی چەوساندنەوە و دواکەوتوویییەوە گەشبینی و ئاسۆبینییەکی تەواوی هەبووە، داهاتوویەکی گەشی بۆ میلەتی کورد بینیوە. لەوانەیە پێشگۆیی و پێشبینییەکانی ئەمڕۆ هاتبێتنە دی، یان ئەمڕۆ سەرەتاکانی بن کە بێنەدی، یان لەوانەیە هەتاڕادیەک خەونەکانی هاتبنە دی.

**جەنابت پێت وایە روانگەی مەنگوڕی لەو کاتەدا جۆرێک رەخنە و بە واتای ئۆپۆزسیۆنی ئەو سەردەمە نەبووە؟**

-ئۆپۆزسیۆن بوون بە مانا سیاسییەکەی جیاوازە، بەڵام بە مانا گشتییەکەی هەموو رۆشنبیرێک کە خاوەن هەڵوێست و رەخە بێت و دید و بۆچوونێکی هوشیارانەی هەبێت، ئەوەی کەلە واقیع و رۆژگاری خۆیدا هەیە قبووڵی نەبێت و بیخاتە بەر دادگای عەقڵ و توێژینەوە کەسێکی ئۆپۆزسیۆنە. ئەم کەسە بەرەورووی ئەو هێزە ئایینی، سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی سەردەمی خۆی دەبێتەوە. کەواتە هەموو رۆشنبیرێک کە ئەو خەسڵەتانەی هەبێت، ئۆپۆزسیۆنە، ئەمە بۆ مەنگوڕیش راستە، بەو مانایەی کە ئەو رەخنەی لەو بیروباوەڕ و بۆچوون و کارانەی کە کۆمەڵگاکەیان دواخستووە، گرتووە. بەڵام بەو مانایەی کە ئۆپۆزسیۆنە لە حیزبێکی سیاسیدا و دژ بە دەسەڵاتێک خەباتی کردووە، ئەوەندە لە زانیاری و ئاگاداریی مندا نیە.

***پێت وایە مەنگوڕی مافی خۆی پێدراوە؟**

-بەداخەوە یەکێک لەو کیشە و گرفتانەی کە لەناو رۆشنبیری و شیعر و ئەدەبی کوردیدا هەیە، ئەو گوتار و شێوازە زاڵەیە کە شێوازێک لە شیعر گوتن زاڵە کە هەتا ئێستاش هەر باوە، واتە ئێمە دێین لە پێشدا پۆلێن بەندی دەکەین بۆ ئەدەب و شیعر و رۆشنبیرانمان، بەم کارە کۆمەڵێک شاعیر و ئەدیب دەکەونە دەرەوەی ئەو پۆلێنکارییە. دیارە مەنگوڕیش لەناو کۆمەڵگاکەی سەردەمی خۆیدا جێگای نەبۆتەوە، بەڕای من هەتا ئێستاش مافی خۆی پێنەدراوە. واتە هەم لەکات و سەردەمی خۆیدا و هەم ئێستاش کە ئێمە خوێندنەوەی چاکمان بۆی نەکردووە هەتا ئەو کەسایەتییە بەناسینین بە نەوەی داهاتوو و ئێستامان کە مەنگوڕی چی پێ بووە و چی گوتووە. دیارە ئەو گوتارە ئەدەبییەی کە ئەو سەردەمە زاڵ بووە و پێی وابووە تەنیا چەند کەسێک لە لووتکەدان و هەر ئەمانە شاعیرن، مەنگوڕی نەگرتۆتەوە و زۆر کەسی سەخڵەت کردووە و من بە مافی خۆی دەزانم کە رەخنەی لەو گوتار و شێوازە ئەدەبییە گرتبێ. هەڵبەت ئەگەر بێین و لە گۆشەنیگای جیـاوازەوە لێکدانەوە بۆ بەرهەمەکانی مەنگوڕی بکەین، ئەم کەسە زۆربەی زۆری کارەکانی لە فۆرمی شیعردا بوون، لەوانەیە هەندێک لەو کەسانە لەو رۆژگارە و ئێستاش شاعیر بن، بە جۆرێک لە جـۆرەکـان لـەبـارەی ئاستی ستاتیکای شیعرەکانی مەنگوڕی قسە و بۆچوونیان هەبێت، بەڵام بۆ من مەنگوڕی وەک کەسێکی بیرکەرەوە و نووسەر و رۆشنبیر گرنگە، بەڕای من ئەگەر مەنگوڕی دی و بۆچوون و رەخنەکانی لە شێوازی رۆمان یان لە چوارچێوەی وتاردا بنووسیبایە، جێگایەکی بەرین و بەربڵاوتری بۆ ئێمە دەگرتەوە و ئەبوو بە پاشخانێکی دەوڵەمەندتر. نەک ئەوەی کە تەنیا بخرێتە چوارچێوەی شێعریکەوە و شیعریش هەمیشە کێش و سەروای هەیە و ئەمەش لەسەر ئەو پەیام و ناوەرۆکەی کە تۆ دەتەوێ بیگەیەنێ کاریگەری دابنێت. چونکە لە شیعری کلاسیکدا مرۆڤ لە دەربڕیندا سنووردار ئەبێت. لەوانەیە ئەم کارەی مەنگوڕی هۆکاری خۆی هەبووبێت و شیعریش گوتار و نووسینێکی زاڵبووە لەناو رۆشنبیریی کوردیدا و هەرکەسە ویستویەتی بیروباوەڕی خۆی دەربڕێت، پەنای بردۆتە بەر شیعر. بۆ وێنە پیرەمێردی نەمریش کەسێکی بیرمەند و خـاوەن هزرێکی کۆمەڵایەتییە، بـەڵام ئەویش هـەر وەکـو مەنگوڕی پەنای بردۆتە بەر شیعر و زۆرێک لە رۆشنبیرانی دیکەش ئەم کارەیان کردووە. بریا مەنگوڕی پەنای بردایەتە بەر ژانرێکی دیکە لە نووسین هەتا ئەمڕۆ باشتر شتەکانمان بخوێندباوە. بـەلام ئـەوەی کە ئاخۆ مەنگوڕی لـەڕووی شیعرییەوە چۆن هەڵدەسەنگێنی، ئەمە بەلای منەوە گرنگ نیە، بەڵکو ئەوە بۆ من گرنگە کە مەنگوڕی وەک کەسێکی رەخنەگر لە سووچێکی ئەم جیهانەوە روانیویەتە داهاتووی خۆی و ویستوویەتی کورد لە ئاستی نووسین و بیرکردنەوەدا ئەوەندە گەشبینیی تێدا ساز بکات، بتوانێت بڕوانێتە داهاتووی خۆی هەتا لەو چەرمەسەری و دواکەوتوویی و ئێش و ئازارە رزگاری بێت. بەڕاستی بۆ من دەقی "گەشتی ئەستێرەی مەریخ" وەکو دەقێکی هـزری و یۆتۆپی زۆر گرنەگە، کەسێک لە وڵاتێکی داگیرکراو و واکەوتووەوە بێت و بیر لە داهاتوو بکات و بڕوات بۆ مەریخ و بێتەوە و گەشتێک بکات، بەڕاستی ئەمە گەشتێکی هـزری و رۆحییە. ئەمە بیری کەسێکە کە لەو هەولومەرج و زەمەنەی کە تێدا ژیاوە هاتۆتە دەرەوە و عەقڵ و رۆحی خۆی ئازاد کردووە و گەیاندوویەتە ئاستێکی بەرز کە پێی دەڵێن فەلسەفە و ویستوویە لەوێوە جارێکی تر سەیری خۆی بکاتەوە و بیهەوێت لەو روانگەیەوە کۆمەڵگەی خۆی دابڕێژێتەوە. یانی لە داتـووەوە سەیری ئێستای خۆی بکات و هەنگاو بەرەو داهاتوو هەڵبگرێت.

***گەشتی ئەستێرەی مەریخ لای تۆ چی دەگەیەنێ؟**

-ئەگەر بێیت و وەکو دەقێکی شیعری سەیری بکەیت، دەقێکی سادەیە، بەڵام ئەو دید و جیهانبینییە، ئەو ئەندێشە و خەیاڵاتەی کە مەنگوڕی هەیبووە و ویستوویەتی بیخاتە قاڵبی شیعرەوە، بەڵام هەروەک گوتم مەنگوڕی شتێکی نەگوتووە کە دژ بە دین بێت، بەڵکو ئەو راڤە و تێگەیشتنە یە لە ئایین کە دەبێتە خورافەیەکی کۆمەڵایەتی و دەبێـە رێگر لەبەردەم بیرکردنەوەی مرۆڤ. ئەو لەو باوەڕە دایە کە دەبێ مرۆڤ بیر بکاتەوە، چونکە ئەگەر بیر بکەیتەوە، باشتر ئایین و خوای خۆت دەناسی. ئەمە جۆرێکە لە عەقڵانیەت و لە پەیامەکانی لە کتێبی "گەشتی ئەستێرەی مـەریـخ" و بەرهەمەکانی دیکەیدا هەیە. مەنگوڕی کەسێکە مرۆڤ بەرەو عەقڵانیەت دەبات، بەڵام شتێک هەڵبژێریت کەلە ئاستی وشیاری و تێگەیشتنی خۆتدا بێت، نەک چاولێکەری، نەک خۆخدەیەکی کۆمەڵایەتی قبووڵ بکەیت کە لە دوو روانگەی "ئەبێ و نابێ"ییەوە سەیری دەورووبـەر بکەیت. لە دنیای بیرکردنەوە و هوشیاریدا مرۆڤ بەو فۆرمە ئێش ناکات کە ئەبێت یان نابێت. تۆ ئەگەر ئازاد نەبیت ناتوانی بیر بکەیتەوە و ئەگەریش ئازادانە بیر نەکەیتەوە ناتوانی وشیار بیت و خوێندنەوەت بۆ خۆت هەبێ بۆ سەردەم و بارودۆخ و کێشە و گرفتەکان.

# ڕێبوار سیوەلی: مەنگوڕی گەشتی فکری کردوەو ئاگای لەبەشێک لەڕەوتی بیرکردنەوەی سەردەمی خۆیو پێش  خۆی بووە



ڕێبوار سیوەیلی

دیدێکی فیکری و فەلسەفیانە و خوێندنەوەیەکی هاوچەرخانە بۆ دنیای فکر و ئەدەبی مەنگوڕی ، هەر لە یۆتۆبیای گەشتی ئەستێرەی مەریخ ، مامۆستا ڕێبوار سیوەیلی گوزەرێکمان پێ دەکات و ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەو تێز و ڕەوتانەی کەلەو سەردەمەدا لە ژینگەیەکی سیاسی و فکری کوردبوونی هەبوو . سیوەیلی بەم جۆرە گەشتێکی تر بۆ مەریخ و جیهانی مەنگوڕی لەم دیدارەدا دەخاتە ڕوو .

***ناسینی تۆ بۆمەنگوڕی کەی بو؟ لە ڕێگەی چی یەوە بوو؟**

-من مەنگوڕیم قەت لە نزیکەوە نەناسی، چونکە کاتێک ئێمە گەورە بووین و پێگەیشتووین ئەو لە ژیاندا نەمابوو، تەنیا شوێنێک پێدەچێت منی مێردمنداڵ و مەنگوڕیی کۆکردبێتەوە , هۆڵی نەقابەی کرێکاران بووبێت , چونکە ئەوسا من سەردانی کۆڕەکانی ئەوێم دەکرد. بەڵام کتێبە بەناوبانگەی (گەشتی ئەستێرەی مەریخ) یەکێک لەو بەرهەمانە بوو کە ئێمە بەردەوام لە کتێبخانەکان ئەمانبینی و ئەمانخوێندەوە. بەڵام بە شێوەیەکی ورد چەند ساڵێک لەمەوپێش لە بەشی فەلسەفە کاتێک خەریکی کۆکردنەوەی میراتی ئەو کەسانە بووین کە بەشدارییان لە گەڵاڵەکردنی هزری فەلسەفەیدا کردووە لە ناو زمانی کوردیدا , مەنگوڕیم بیر کەوتەوە. من هەستم کرد کە مەنگوڕی یەک لەو کەسایەتییانەیە کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و دەبێ ئێمەش ئاوڕێکی لێ بدەینەوە، بەڵام جیاواز لەوەی کە هەتا ئێستا لەنێو کۆمەڵێ ململانێ و پەرچەکرداری سایکۆلۆژی کە لەناو پانتایی ڕۆشنبیریی ئێمەدا باوە. هەستمکرد دەبێ ئیدی واز لەم ڕوانگەیە بێنین و هەوڵ بدەین کاتێکی بۆ تەرخان بکەین و پێگە و شوێن و ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی بۆ نەوەی نوێ پیشان بدەین و بیخەینە ڕوو، چونکە من پێموایە مەنگوڕی بەرلەوەی کە کوڕی سەردەمی خۆی بێ، زیاتر کوڕی ئەم سەردەمەیە و نموونەی کەسایەتییەکە کە دەبوو ئێستا هەمانبێت و لەم سەردەمەدا ژیابا. من پێم وایە مەنگوڕی یەکێکە لەو ڕۆحانەی کەلە ڕێی نووسینەکانییەوە ئەوە دەخاتە ڕوو کە زۆر یاخییە لە عەقڵیەت و کولتوور و سیاسەت و کۆی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی سەردەمی خۆی و هەر ئەوەشە کە دوای چەند بەرهەمێکی و بە درێژایی کاری سیاسی و ڕۆشنبیریی خۆی دەسەڵاتدارانی سەردەم بە شوێنییەوە بوون و هەوڵیان داوە لە قەفەسێکی بخەن کە ئەوان خۆیان بۆیان دروستکردووە. مەنگوڕی پیاوێکی قەفەس شکێنە و ئەیەوێ لە هەموو کۆت و بەندە نەریتیەکان ڕزگاری ببێت. لەڕاستیدا جۆری بەرهەمەکانی و بەتایبەت گەشتی ئەستێرەی مەریخ و نووسینەکانی دیکەی و ئەو دیدگایەی هەیەتی بۆ مێژووی سیاسیی کورد و هەروەها بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی، هەڵبەتە من هەموو شیعرەکانیم نەخوێندۆتەوە، تایبەتمەندیتی ئەو وەک بیرکەرەوەیەک ئاشکرا دەکەن. بەڵام من وا تێدەگەم کە مەنگوڕی بانگەشەیەکی بۆ یاخیبوون نیە و مانیفێستێکی نیە کە تیایدا بڵێ من بەم چەشنە یاخی ئەبم. پەیام یان بەرنامەیەکی ئایدۆلۆژیی نیە کە بڵێ من بەم چەشنەم و دەمەوێ ئەم کارە بکەن. ئەو وا دەکات وەک ئەوەی کردوویەتی و ئەوەی کردویەتی لە نووسین و خەیات , تەعبیرە لە کەسایەتی خۆی وەکئەوەی کەسێکی ناڕازییە و دەیەوێ واقیع بەو جۆرە نەبێت کە هەیە.. بە جۆرێک ڕووبەڕووی واقیع ئەبێتەوە، وەک ئەوەی کردوویەتی بەبێ ئەوەی کە هیچ بانگەشەو و ئیدیعایەکی پێشوەختی هەبێت لەسەر ئەوەی کە چی دەکات؟ لێرەوەیە کە دەتوانم بڵێم مەنگووڕی چڕەوەبووی ڕۆحێکی تووڕەیە لە سەرجەم مێژووی هاوچەرخی کورددا و ئەم تووڕەبوونە لە بەرهەمەکانیدا بەرجەستە بۆتەوە. هەڵبەت تووڕە بوونێکی فیکری و سایکۆلۆژی. واتە تووڕە بوونی مرۆڤێکی بیرمەندمان لە ئاست واقیعی سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ کولتوور و ئایین و نەریت و میراتی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ئەم ڕۆحە دێتە قسە و لە بەرامبەر هەموو ئەمانەدا یاخیبوون هەڵدەبژێرێ و دانسقەیی خۆی و تاقانەیی خۆی دیاریی دەکات بەبێ ئەوەی نموونەیەکی لەبەردەستدا بێت کە پێڕەویی لێبکات و لاسایی بکاتەوە..ئەتوانین بڵێین ئەم کەسایەتیە لە سەردەمی خۆیدا وەک میدیایەکی ئۆپۆزسیۆن وا بووە و ڕۆڵی میدیایەکی ئۆپۆزسیۆنی بەرامبەر بە کەش و دۆخی ئەدەبی و گەورە نووسەر و شاعیرانی سەردەمەکەی خۆی و هەروەها لایەنە سیاسییەکانیش , بینیوە. هەروەها ئەو دابونەریتە کۆمەڵایەتی و تێگەیشتن و تێڕوانینە باوانەی ئەو سەردەمەی کە خۆی لەگەڵ و تیایاندا ژیاوە، بۆ ئەو بابەتێک بوون بۆ ڕەتکردنەوە..

کاتێک ئێمە دەڵێین مەنگوڕی وەکو تاکەکەسێک ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی سەردەمی خۆی بینیوە، ئەم بۆ چوونە ئەوەشمان پێدەڵێ کە ئەم تاکە کەسە بیر دەکاتەوە و هەر ئەوەی کە ئەو جیاواز بیر دەکاتەوە هۆکاری ئەو بوێرییە کە هەیبووە. چونکە ئەگەر بڕیار بێت درێژکراوەی سەردەمی خۆت بی و ژیانێکی گونجاو لەگەڵ باوی ڕۆگاردا هەڵبژێری , ئیتر پێویست ناکات باجی یاخیبوون و ناتەبایی بدەیت لە پێناوی بیرکردنەوەکانتدا. ئەمە جۆرێکی ترە لە بیرکردنەوە کەلە پشتییەوە بوێرییەکە هەیە بۆ یاخیبوون، لەو بیرکردنەوە چەقبەستووەی کە لەو سەردەمەدا هەبووە. لەم ڕوانگەیەوە ڕۆڵ و پێگەی مەنگوڕی و کەسانی وەکئەو نیشانەی بەرجەستەبوون و لەدایکبوونی تاکەکەسێکە بەدوای دروستکردنی خۆیدا وێڵە و سوکراتیانە عەودالی خۆناسینە.

***چۆن دەڕوانیتە ئەو دنیا بینیەی مەنگوڕی بۆ ژیان؟**

-بە تێگەیشتنی من و بەشێوەیەکی گشتی , بیرۆکەی مەنگوڕی لەسەر ئەوە بنیات نراوە کە ئەو بازنە بیرکردنەوە و جیهانبینییە ئایینی و کلتوورییە چەسپیوەی بە پیرۆز کراوە , لە ڕێگەی بانگەشە کردن یان ئاراستەکردنی خەیاڵی مرۆیەکان بۆ شوێنێک لە دەرەوەی واقیع , کە ئەکرێ ئێمە وێنای دنیایەکی دیکەی لێ بکەین , پێویستە تیکبشکێنرێت. ئەو دێت و تێکی ئەشکێنی و دوالیزمە میتافیزیکیەکەی ئێرەو ئەوێ , بەهەشت و دۆزەخ , یان واقیع و یۆتۆپیا , ڕەتدەکاتەوە. ئەم جۆرە لە پیرۆزی شکێنیە کە بە دەقی مەنگوڕییەوە دیارە , لە هەوڵی ئەوەدایە هووشیارییەکی کردەیی بداتە مرۆیەکان و بێگومان سەردەمی سەرهەڵدانی ئەم دەقە و بڵاوبوونەوەی سەردەمێکی ناهوشیارانە نییە، بەڵام سەردەمێکە بەو کەرەسانە بیر لە پرسی ئایینی، کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکرێتەوە کە پەسەندکراون , یان سانسۆر. کاری مەنگوڕی جۆرێ لە ڕەخنەگرتنی بنەڕەتخوازانەی تێدایە , جۆرێ نەریتشکێنی فیکری.. لەبەر ئەوە ئەگەر ناوەرۆکیش هیچ شتێکی تێدا نەبێت، هەر خودی تایتڵ و سەردێڕەکە هاوارێکە: (گەشتی ئەستێرەی مەریخ!).. ئەم ناونیشانە ئاپۆرەهەژێنە جۆرێکە لە بیرکردنەوەی دژە باو , لە نەرێتشکێنی , لەسەردەمێکدا کە بیرکردنەوە ناتوانێ لە بیرکردنەوەی ئاپۆرەریی بێتە دەرێ و شتێک بڵێت کە کەسیتر نەیگوتووە. بۆیە گوزارەی (گەشتی ئەستێرەی مەریخ) بۆخۆی وەک ڕستەیەکی نێگەتیڤ بەرجەستە دەبێت و وەک دەرزییەک لە دڵی ئەوانە دەچەقێت کە لە دەرەوەی بازنەیەکی بەرتەسک کە بەشێوەیەکی سنووردار بیر لە ئایین، کولتوور یان مێژوو دەکاتەوە.

***دەتوانین بڵێین مەنگوڕی لە ژێر کارتێکەری فکرێک یان بیرێکی سەردەمیانەدا بووە؟**

-مەنگوڕی گەشتی فکریی کردووە و خوێنەرە، ئەو ئاگای لە بەشێک لە ڕەوتی بیرکردنەوەی نوێخوازی سەردەمی خۆی و چەند ساڵێک پێش سەردەمی خۆیشی هەیە، ئەو بۆ نموونە زۆر پیرۆزیی بە زانست، بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، بە پیرۆزیی مرۆڤ، بە مۆراڵ و ئەخلاق و ڕەوشت داوە. نمونەی کۆمەڵگا بەلای ئەوەوە ئەو کۆمەڵگایانەن کە تیایاندا زانست و پەروەردە ئاستیان بەرزە , کە ڕێز لە تاکەیەتی مرۆڤ دەگیرێت و ڕەخنەگرتن هەیە. ئەو باس لە دەروەستی , لە پێکەوەیی , لە کۆمەڵگای دروست و ساخلەم , لە کاریگەریی هووشیاری لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا دەکات.

ئەمانە ئەو چەمکانەن کە مەنگوڕی بە وردی لە نامێلکەیەکیدا کاری لەسەر کردوون و کە دوای چاپبوونی قەدەغە دەکرێت. لەبەر ئەوە گەشتی مەنگوڕی بە پێچەوانەی بۆ نموونە گەشتی پیرەمێردەوەیە، یان چەند نووسەرێکی دیکەمانە کە هاوسەردەمی ئەون , یان کەمێک پێشتر یان دواترن. ئەم گەشتە گەشتێک نیە کەلە ئەنجامی ئەزموونکردنی گواستنەوەی جوغرافییەوە رووی دابێت، بۆ وێنە سەفەر کردن بۆ ئەستەمبۆڵ یان بۆ شام یان هەر وڵاتێکی تر. گەشتی مەنگوڕی بە هەموو کوردستاندا گەشتی کردووە و جێگیر نەبووە، بەڵام گەشتی ئەو زیاتر شتێکی مەعریفی و فکرییە، کە ئەڵێین مەعریفی و فیکری، بەو پێوەرانەی کە لە سەردەمی ئەودا و بەدەر لەو بازنە فکرییانەی کە هەبوون و قبووڵ کراوە. مەنگوڕی خۆی بریتی بووە لە کەسایەتیەکی کۆچەریی و عەوداڵ , بۆ گەڕان و پشکنینی جوگرافایی دیکەی بیرکردنەوە.

***کەواتە سەر بە ڕێبازێکە؟**

-ناتوانم بڵێم بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بەڵام ناڕاستەوخۆ مەنگوڕی سەر بە ڕێبازێکە کە تێیایدا فۆرمێک لە عەقڵانیەت و لە "راشنالیزم" لە کارەکانیدا دەبینینەوە. هاوشانی پیرۆزکردنی زانست، وەک ڕێگایەک بۆ رزگارکردنی ئینسان لە جەهالەت. ئەگەر ئەم دوو پێوەرە (عەقڵانەیت و زانستخوازی) بکەینە بنەما، ئەتوانین لێرەوە ڕەگ و ریشە فەلسەفی و فکرییەکانی مەنگوڕی لە ئەنجامی توێژینەوەیەکی ورد بخەینە روو. بەڵام من ناتوانم بڵێم ئەو راستەوخۆ ئەو سەرچاوانەی بینیون، بەڵام بە تەواوەتی ئاگاداری هەندێ ئاراستەی فکری بووە لەو سەردەمەدا. ئەویش لەوانەیە لە ڕێگای ئەو زمانانەوە بووبێت کە لەو سەردەمەدا زانیویەتی. بێ هۆ نیە مەنگوڕی یاخیبوونەکانی خۆی دەکاتە مانیفێست و ئاراستەیان دەکات و بێ هۆی نیە کە ئەو بڕوای بە کۆمەڵێک پرەنسیپ هەیە، ئەمە تەنیا لە شعووری کوردێکەوە نیە کە بە دواکەوتوویی نەتەوەکەی خۆیەوە و پێویستیی بە عەقڵ و بە زانست هەیە. گوتاری مەنگوڕی، لەسەر عەقڵ و زانست و پێشکەوتن و وشیار کردنەوە، گوتارێکە لە ئەنجامی خوێندنەوە و بەدواداچوونێکی باش هاتۆتە بەرهەم، نەک وەک حەزێکی زاتیی بوونەوەرانەی زگماک کە خوێندەوارێک ستایشی خوێندەواری دەکات، وەک ئەوەی کە ئێمە لەلای هەندێ لە شاعیرانی کورد دەیبینین و وا دەردەکەوێ ئەمانە هانی ژن دەدەن بۆ فێربوونی زانست و فێربوون و خوێندەواری، بۆ نموونە حاجی قادری کۆیی، فایەق بێکەس، یان قانع و ئەوانیتر.. ئەمانە لە هوشیارییەکی کوردییانەی خۆیان و لە ئەنجامی بەراوردکردنی واقیعی ژیانی کولتووری و وشیاریی نەتەوەیی ئێمەوە دێن

پەنا دەبەنە بەر ئەو جۆرە گوتارە، بەڵام مەنگوڕی لە ئەنجامی پەنابەردن و بەدواداچوونی ڕەوتە فکرییەکانی سەردەمی خۆیەوە بە شێوەیەکی راستەوخۆ , یان ناڕاستەوخۆ لەوانەیە لە ڕێگای خوێندنەوەی کۆمەڵێک گۆڤار و نووسراوەی بڵاوکراوەی ئەو سەردەمەوە بووبێت کە بەم ئاراستەیەدا ئیشیان کردبێت و بەتایبەتی لەناو کەش و هەوای زمانی عەرەبیدا.

***ڕەخنە گرتنی مەنگوڕی لە شاعیران و نوسەران چۆن لێکدەدەیتەوە؟**

-مەنگوڕی لەم ڕێگەوە ڕەخنە لەو شاعیر و نووسەرانە دەگرێ کە دەبوو زیاتر لەوەی دەیکەن، بیانکردایەت و بەپێی پێگەی شاعیری و نووسەری و ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەی لەو ڕێگایەوە وەریانگرتووە، دەبوا زۆر وشیارانە و رووناکبیرانەتر کاریان لەسەر کۆمەڵگای خۆیان کردبا.. بەگرژداچوونەوەکانی بۆ شاعیر، نووسەر و ئەدیبانی سەردەمی خۆی بە مانای بێ ڕێزی کردن بە ئەوان نیە، بەڵکو مانیفێستێکی یاخیگەرانەیە لەوەی کە پێیان بڵێ ئێوە دەتوانن لەوەی کردووتانە شتێکی زیاتر بکەن. مەنگوڕی ئەیهەوێ وشیاریان بکاتەوە کە ئەوان ئەتوانن و توانایی ئەوەیان هەیە کە شتی زیاتر بکەن و لەوەی کە ڕەچاوی بارودۆخی وەستاو ئەکەن و ئەیانەوێ بەگشتی ڕازیبوونێک بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. ئەو پێیوایە ئەمە ئەرکی ئەدەب بەگشتی و ڕۆشنبیری بەتایبەتی نیە و لەو باوەڕە دایە کە ڕۆشنبیری ئەبێ بتوانێ دەقی کولتووری، مێژوویی، ئایینی و سیاسی بشکێنێ و خۆی ئەو کارەی کردووە و هەتا چەندە سەرکەوتوو بووە نازانین، بەڵام بە درێژایی ژیانی باجی ئەو جۆرە بیرکردنەوەی بە قورسی داوە. بۆیە ئەو زللەیەکی ئەدەبی و فکرییە، زللەیەکە جاروبار بەبێ ئەوەی کە یەخەی خەڵک بگرێت، هەندێ جار پەلاماری نموونە و قارەمانەکانی دنیای ڕۆوشنبیریی ئێمەی داوە. ئەمەش پەلامارێکی فکرییە بۆ ئەوەی بەوان بڵێ ئێوە زیاتر زیاترتان لەدەست دێ وەک لەوەی کە دەیکەن و ئەوەی دەیکەن لە چوارچێوەیەکی شەرمنانەی رازیبوونی کۆمەڵایەتیدا ئەنجام دەدەن. لە کاتێکدا بەپێی پێگەی ڕۆشنبیریتان دەبوو ئەم چوارچێوە کۆمەڵایەتیەتان بشکاندبا و تازە و نوێتان کردباوە. تووڕەیی و زللەکەی مەنگوڕی بۆ ئەوە نیە خۆی لەوانیتر لەسەرتر بێت، چونکە ئەو بەوپەڕی ڕێزەوە ڕەخنەکانی خۆی ئاراستەیان دەکات، یان قسەکانی ئەو لە ئەنجامی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نیە کە لەبواری فکردا ڕەنگدانەوەی هەبێ، لە ئەنجامی پچە پچ و قسە بەگوێدا سرتاندن میکانیزمەکانی هاندانی کۆمەڵایەتی وەکو قسە هێنان و بردن نیە.




بەڵکو لە ئەنجامی وشیاریی خۆیەتی بەرامبەر بە پێگەی ڕۆشنبیریی و کەسایەتییە ڕۆشنبیرەکان، ئەوکاتەی کە ئەبینێ ئەمانە ئەوەندە ئەو کارە ناکەن کە دەبێ بیکەن، تووڕە دەبێت و لێپرسینەوە و دادگاییان دەکات کە ئەوان پێگەیەکیان داگیر کردووە، بەڵام وەک خاوەنی ئەو پێگەیە کار لەسەر کۆمەڵگای خۆیان ناکەن. بۆیە من بە تەواوەتی بەرگریی لەوە دەکەم کە ڕەخنەی مەنگوڕی ڕەخنەیەکە بەدەر لە هەر پەرچەکردارێکی دەروونی یان لەودیو کێشە و ناتەباییە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەری هەڵدابێت، ئەو کێشەیەکی بە تەواوی مانا مەعریفی و ڕۆشنبیریی هەیە لەگەڵ نووسەرانیتر ئەمەش بەپێی پێوەرەکانی ئەو سەردەمە بۆ ڕۆشنبیری و دانایی و ڕەخنگرتن..

***پێتوانیە مەنگوڕی یەکەم کەس بێت کە لە سەر بیرو ڕای جیاواز دادگای بکرێت؟**

-نازانم.. لەوانەیە لەڕووی مێژوویەوە لەوانەیە خەڵکی دیکەشمان هەبووبێت، ئەگەر مەبەستمان دادگایە لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی ئیداریدا بێت، بەڕاستی من لەو بارەوە زانیاریم نیە، بەڵام ئەگەر دادگایی ویژدانی و کۆمەڵایەتی بێت، ڕەنگە نووسەرمان هەبێ کە پێشتریش دادگایی کرابن، هەر لە سەردەمی دەسەڵاتی شێخ مەحمووددا بۆ وێنە کەسانێک هەبوون کە ناڕازی بوون و لەوانەیە ئەمانە دادگایی کۆمەڵایەتی و کولتووری کرابن، بەڵام ئەمەی مەنگوڕی بۆ خۆی بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی کە سەردەمی مەنگوڕیش، سەردەمێکی بێهەست نیە، سەردەمێک نیە کە هەموو شتێک قبووڵ بکات، وریایە بەرامبەر بەو دەنگ و پرۆژانەی کە دەقی سەردەمەکە دەیانەوێ نۆقورچکی لێبگرن و ئەیانەوێ بنەبڕی بکەن و ڕەخنەی لێبگرن. ئەو دادگاییە هەم وشیاریی ئەو سەردەمەمان بۆ دەردەخات و هەم هەستی نوسەرێکیش لە بەرامبەر باودا هاتۆتە دەنگ. لەم بارەشدا ئاپۆرە و پەنا بۆ دەسەڵات دەبات لە پێناوی ئەوەی کە کۆنترۆڵی خاوەن دەنگە بکات کە مەنگوڕییە.

***گەشتی ئەستیرەی مەریخ لای تۆ چی مانایەک دەبەخشێ؟**

-دەقێک پیشانیدەدات نووسەرەکەی لە پێش سەردەمی خۆیەوە بیرکردۆتەوە و لە ئێستادا , داهاتوو بەرجەستە دەکات. هەوڵدانێکی نەک هەر ئەدەبی و ئیستاتیکی بۆ ڕەتکردنەوەی هەنووکە , بەڵکو هەوڵدانێکی داناییناسیانەشە بۆ تێگەیشتنێکی ترلە واقیع. دەقێکی ڕۆشنگەرانەیە و پڕە لە بوێریی ئەقڵ لەبەرامبەر هزری خورافەییدا. هەڵبەت ئەم دەقە , نە تەنیا شیعرە , نە ڕۆمانە شیعرە , نە مانیڤێستێکی سیاسیە , بەڵکو ڕاڤەیەکی کولتووری و شێوە فەلسەفیانەیە بۆ پرۆسەی تێگەیشتن و گەڕانی مرۆڤ بەدوای ئاسۆی تری بیرکردنەوەدا.

# جەمال حسێن: کتێبی (هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن) هەوڵێکی ڕۆشەنگەرانەیە، یەکەم کتێبە کە بەبڕیارێکی فەرمی پێشی پێگیراوە



جەمال حسێن

جەمال حوسێن یەکێک لە روناکبیرەکانی ئەمڕۆ و وەک نوسەرێک دید و تێڕوانینی خۆی لەمەڕ چەند بەرهەمێکی مەنگوڕی لەم دیدارەدا دەخاتە ڕوو .

**⁎هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن) یەکێکە لە بەرهەمەکانی مەنگوڕی تۆ چۆنی هەڵدەسەنگێنی ؟**

-کتێبی "هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن"ی میرزا مەنگوڕی یەکێک لە کتێبە باشەکانی و ساڵی ١٩٣٨ چاپی کـردووە، چاپ کردنی بۆتە هۆی ئەوەی کە دەستبەجێ لەلایەن دادگای ئەوکاتی سلێمانییەوە بانگ بکرێت و لەسەر نووسینی ئەو کتێبە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت و پاش چەند دانیشتنێکی دادگا، بڕیاری دەرکردن لەسەر کارەکەی دەدرێت و بۆ ماوەی شەش مانگیش زیندانی دەکرێت و هەروەها کتێبەکەش کۆ کراوەتەوە و سووتێنراوە و ڕێگەی بڵاوبوونەوەی لێگیراوە. یانی ئەو کتێبە یەکەم کتێبە لە مێژووی نووسینی ئەدەبی کوردیدا کە بە بڕیارێکی فەرمیی دادگا پێشی پێگیراوە و نووسەرەکەشی تووشی لێپێچینەوە و دەرکـردن لە کارەکەی بووە. لە ساڵانی کۆتایی دەیەی ٣٠دا کتێبی دیکەمان هەبووە کەلە چاپخانەی پیرەمێرد بە بڕیاری ئیدارەی ئەوکاتی سلێمانی پێش بە چاپ و بڵاو بوونەوەی گیراوە، بـەڵام ئەو کتێبەی مەنگوڕی یەکەم کتێبە کە ئاوای بەسەر هاتووە. ئێمە دوو خوێندنەوەمان لەبەردەستە بۆ خوێندنەوەی ناوەڕۆکی ئەو دادگاییە، ئێمە هەتا ئێستا ئەو دیکیۆمێنتانەمان لەبەر دەستدا نیە کەلە دادگا باسی چی کراوە و دادگا چۆن بڕیاری دەرکردووە؟ میرزا مەنگوڕی لە ساڵانی ٥٠ لە شیعرێکدا حیکایەتی چۆنیەتیی دادگایی کردنەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەوەی کە دادوەر میرزا مەنگوڕیی بـەوە تاوانبار دەکـات کە کۆمۆنیستە و ئەویش وەڵامی داوەتەوە کە من کۆمۆنیست نیم و کۆمنیست چیە و دواتریش لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا ئەم حیکایەتە کورتتر لە دوو سێ لاپەڕەدا دەگێڕێتەوە، لە کۆی گشتیدا ئاماژە بـەوەش دەکـا ئەوکات برایم ئەحمەد کە یەکەم ساڵی بووە کە یاسای تەواو کردووە، ویستوویەتی وەکو ڕووناکبیر و پارێزەرێک بێتە دادگا و بەرگری لە میرزا مەنگوڕی بکات، بەڵام دیارە دادگا ئەو ئیزنەیان نەداوە بە مامۆستا برایم ئەحمەد و نەیانهێشتووە بێتە دادگا.

چیرۆکی ئەم کتێبە لە زۆر ڕەهەندەوە بۆ ڕۆشنبیریی کوردی شتێکی گرنگە، یەکەمیان ئەوەیە کە ناوەڕۆکی کتێبەکە بریتییە لە هەوڵێکی ڕۆشنگەرانە و تەنویری میرزا مەنگوڕی کە ئەوکات تەمەنی هێشتا بەو پێیەی کە لەدایک بووی ١٩١٠یە، ٢٨ ساڵ بووە، کە ئەم کتێبەی نووسیوە. ئەم کتێبە ناوەڕۆکێکی تەنویریی هەیە، لەم کتێبەدا باسی یەکساینی ژن و پیاو و گرنگیی عەقڵ دەکـات و هەروەها کۆمەڵگای مەدەنی دەکات. باس لەوە دەکات پێویستە کۆمەڵگای ئێمە دوور بکەوێتەوە لە فیکر و ئینتیمای خێڵەکی و هەروەها ئەو کولتووره دواکەوتوانەیەی کە ئـەوکـات لەناو کۆمەڵدا هەبووە.

ڕەخنە لە بنیاد و پێکهاتەی دواکەوتوی ئەوکاتەی کۆمەڵگای کـوردی دەگرێت کـە کۆمەڵگایەکی دواکـەوتـووی کە کۆمەڵگایەکی عەشیرەیی بووە، ڕەخنە لە پێگەی نزمە ژن لەناو کۆمەڵگادا دەگرێت و هەموو ئەمانە لایەنە بەرجەستەکانی کتێبەکەن. یانی کتێبەکە بە پێوانەکانی دادگای ئێستا هیچ شتێکی تێدا نیە کە جێگای دادگایی و لێپێچینەوە بن، بەڵام نابێ لەبیرمان بچێت کە ئێمە باس لە سەردەمێک، واتە زیاتر لە ٥٠ ساڵ بەرلە ئێستا دەکەین کە ئەوکات ئەم جۆرە باسانە لەناو ڕۆشنبیریی کوردیدا باسی یەکجار تازە بوون و لەلای دادگاوە قبووڵ نەدەرکان، چونکە کتێبەکە ڕەهەندێکی ناسیۆنالیستیانەشی هەیە، لە زۆر شوێندا بـاس لە گرنگیی کۆمەڵگای کـوردی دەکـات و ڕەخنە لە دۆخـی سیاسیی کورد دەگرێت لە کۆمەڵگای عیراقیدا. یانی ڕەخنە لە دوو ئاست دەگرێت، ڕەخنەیەکیان ئاستی عیراقیە بۆ ئەوەی کە لەناو عیراقیدا کورد وەکو برا لەگەڵی هەڵسوکەوت ناکرێ و غەدری لێدەکرێت و دەچەوسێنرێتەوە، ئاستێکی دیکەشی دەیبەستێتەوە بـەوەوە کە کورد لەناو خۆشیدا تەبا و یەکڕیز و یەکدەنگ نین و بەرەو پێشکەوتن ناچین و بە ئەقڵ کار ناکەین و سەرەنجام لە چوارچێوەیەکی داخراودا ماوینەتەوە. ئەم کتێبە لەڕووی ناوەرۆکەوە زۆر گرنگە ئەوەی من بزانم یەکەمین هەوڵی تەنویرییە لە شێوازی نووسین لەناو کورد لە شێوازی کتێبدا، یانی پێش ئەو شاعیری ڕووناکبیری گەورەمان وەکو حاجی قادر و مەلای گـەورەی کۆیـەمـان هـەیـە، یـان هەر لـەو سـەردەمـەدا پیرەمێردمان هەیە کەلە ئەستەمبوڵ هاتۆتەوە سلێمانی و چاپخانەی دامـەزرانـدووە و جۆرێک لە ڕۆشنبیری و ڕەوشنگەریی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بڵاو کردۆتەوە، بەڵام ئەوەی مەنگوڕی گرنگییەکەی ئەوەیە کە ئەم نووسینەی پەخشانە، یانی شێوازی کتێبە بـە مانا تەقلیدیەکەی، واتـا بریتییە لە دیالۆگ و گفتوگۆ و تەنانەت هەست دەکرێت ئەم کتێبەلە بنەڕەتدا وەڵامدانەوەی بیروبۆچوونێکی دیاریکراوە، وەڵامدانەوەیە بە بیروبۆچوون و پێکهاتە دواکەوتووەکانی ئەوکاتی کۆمەڵگای کوردی. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم کتێبە ئەوەیە کە لەڕووی ناوەڕۆکەوە یـەکـەم کتێبە هـەوڵـی داوە بیر و ئەندێشەی ڕۆشنبیری لەناو کۆمەڵگای کوردیدا جێگا بکاتەوە. دووەم ئەوەیە ئەم کتێبە لەوانەیە یەکەم کتێب بێت لە مێژووی کورددا کە دادگا کۆنترۆڵی بکات و نووسەرەکەی دادگایی بکرێت، کۆتێبە کۆ بکرێتەوە و هەتا ئەم دواییانە کە نوسخەیەکی دۆزراوەتەوە و هەوڵ ئەدرێت کە کتێبە جارێکی تر چاپ بکرێتەوە و بکەوێتەوە بەردیدی خوێنەرانی خۆی. یان خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئەم کتێبە کتێبێکی باشی ڕۆشنبیرییە کە ڕەخنە لە بیری دواکەوتووی کۆمەڵگای کوردی دەگرێت. واتە پرۆسەی ڕۆشبیریی کوردی لەلای هەرکام لە ڕۆشنبیرانی کورد، بۆ وێنە ئەگەر بێین و لەگەڵ پیرەمێرد بەراوردییان بکەین، جیاوازییەکەیان چیە؟ پیرەمێرد کەسێک بـووە کەلە ئەستەمبۆڵەوە هاتۆتەوە، یانی لە کەش و فەزایەکی جیاواز بووە و سەرەتای سەدەی بیست بووە و قۆناغی هاتنی شەپۆلی ڕۆشنگەری و تەنانەت لەڕووی سیاسی و کـەلـتـووررـیـەوە بـووە کە کۆمەڵێچک ئەدیب و ڕۆشنبیری گەورە و شاعیر و چیرۆکنووسی تورکمان هەبووە کەلە ڕۆشنبیریی ڕۆژئـاواوە هاتوونەتە ئەستەمبۆڵ کە کاریگەریشی لەسەر پیرەمێرد دانـاوە. بـەڵام مەنگوڕی بۆ نووسینی ئەم کتێبە دوورترین شوێن کە بینیویەتی بەغدا بووە، یانی مەنگوڕی



ميرزا مەنگوڕی

دەرەتانی ئەوەی نەبووە بچێتە تورکیا، یانی بچێتە شوێنێک کە رۆشنبیری خۆرئاوایی لێبێت و کاریگەریی لێوەربگرێت، ئەگەر لەگەڵ رۆشنبیریی عەرەبدا بەراوردی بکەین، پێت وایە لە چ رێگایەوە بوو، هەر لە رێگای کۆچ و هاتوچۆیانەوە بووە کەلە رێگای رۆشنبیرانی عەرەب وەکو "جەمالەدین ئەفغانی، قاسم ئەمین، عەبدولڕەحمان کەواکبی، رەشید رەزا" لە قۆناغی یەکەم و کۆمەڵێکی دیکەی رۆشنبیری عەرەبەوە بووە. چ بۆ ئەوەی کە خۆیان رۆیشتوونەتە خۆرئاوا و هاتوونەتەوە، چ ئەوکاتەی لەلایەن حکوومەت لە سەردەمی "محەمەدعەلی پاشا"وە تایبەتی نێردراون بۆ فەرەنسا، رووسیا و شوێنەکانی دیکە نێردراون و لەوێ تێکەڵ بە رۆشنبیری و کولتووری خۆرئاوایی بوون. میرزا مەنگوڕی سەرباری ئەوەی کە کەسێکی دەسکورت و نەدار بووە و تەنانەت هەتا قۆناغی شەشی سەرەتایی دەرسی خوێندووە، سەرەڕای ئەوەی کە هەمووکات لەلایەن حکوومەتەوە داواکراو بووە، لەلای ئاغاکان و تەنانەت دەسەلاتی شێخ مەحموود و رۆشنبیرانی ئەوکاتیشەوە خۆشەویست نەبووە. یانی جۆرێک لە بەریەککەوتن هەبووە لە نێوان ئەوان و مەنگوڕیدا. هەموو ئەمانە سەرباری ئەوەی کە دوورترین جوگرافیا و شوێن کە رۆیشتبێت بەغدا بووە، بەڵام هاتووە لەم کتێبەدا پشتی بە کۆمەڵێک قسەی کەسایەتی و رووناکبیری ناوداری خۆرئاوایی بەستووە، هەتا ئێستا بۆ من ئەم پردی پێوەندییە لە نێوان مەنگوڕییەک کە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و داخراودا ژیاوە و هەروەها کەسێکی دەسکورتیش بووە، لەگەڵ رۆشنبیرانی ئەوکاتی خۆرئاوایی نەدۆزراوەتەوە، لە کاتێکدا هەموو کتێبەکەی گێڕانەوەی قسەی رۆشنبیر، بیرمەند و نووسەرانی خۆرئاوایە لەبارەی گرنگیی عەقڵ، مافی ژنان، کۆمەڵگای مەدەنی، ئازادی و کرانەوە و رەخنەگرتن لە بونیادی کۆمەڵایەتی و ناسیۆنالیزم و بۆ وێنە پشت دەبەستێ بە "فیختە" کە یەکێکە لە گەورە تیۆریستەکانی بیری ناسیۆنالیزم لە ئەڵمانیی کە بۆ خۆی قوتابخانەیەکی ناسیۆنالیستیی گەورەیە. یان کۆمەڵێک هۆکاری دیکە هەن کە دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەم کتێبە بەڕاستی بەلای منەوە کتێبێکی جیگای بایەخ و ئاوڕدانەوەی جیددی بێت کە رەنگە بەشێکی ئاوڕنەدانەوەی هەتا ئێستا هەروەک وتم ئەو کتێبە لە ساڵی ١٩٣٨ەوە کە قەدەغە کراوە، ون بووە و بەمدوایانە نوسخەیەکی دۆزراوەتەوە هیوادارم بەمزوانە چاپ و بڵا بکرێتەوە و بکەوێتە بەردەم لایەنگرانی.

***بەڕای جەنابت میرزا مەنگوڕی لەنووسینی ئەو کتێبەدا لەژێر کاریگەریی فکرو ئایدیایەکی تایبەتدا بووە؟**

-بەگشتی دەتوانین بڵێین مەنگوڕی لەم کتێبەیدا لەژێر کاریگەریی فکرو رۆشنبیریی خۆرئاوادایە، واتە کەوتۆتە ژێر باری ئەوەی کە پێی وابووە ئەم وڵاتە دواکەوتووەی ئێمە پێش ناکەوێ ئەگەر بێت و پەنا نەبەینە بەر فکر و تیۆر و کەلتووری خۆرئاوایی. لە راستیدا کتێبەکە لەڕووی تیۆری و سەرچاوەوە سادەیە، بەڵام لەڕووی نرخە کەلتوورییەکەوە کتێبێکی ئێجگار گرنگە، باس لە سەردەمێک واتە ١٩٣٨ دەکەین کە کۆمەڵگایەک بووە کە زانکۆیەکی تێدا نەبووە، مەنگوڕی لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا باس دەکات کە هەتا تەمەنی ١٤ ساڵی لە قەڵادزێ ژیاوە، لە قەڵادزێ تەنیا شوێن و ناوەندی خوێندن حوجرە بوە، لە چواردە ساڵی کە دێتە کۆیە و چاوی بە پۆلیس دەکەوێ، تووشی شۆک دەبێت و دەبینێ کە کۆیە شارێکە بە بەراوردی "رانیە و قەڵادزێ"ی ئەو سەردەمانە شارێکی. یان ئەگەر رۆشنبیرانی عەرەب بۆ وێنە عەبدولڕەحمان کەواکبی کاتێک پاریس دەبینێ، تووشی شۆک و سەرسوڕمان دەبێت کە ئەو پاریسێکی پێشکەوتوو بە رێگاوبانی پاک و پاریسێک کە ناوەندی شار و رۆشنبیری بووە. مەنگوڕی کۆیەی بینیوە، یان دوورترین شوێنێک کە پاش یەک ساڵ دوای بینینی کۆیە، بەغدا بووە. مەبەستمە ئەوەیە کە لەم فەزایەدا مەنگوڕی هاتووە کتێبێکی نووسیوە کە باس لە کۆمەڵێک قسەی گرنگی رۆشنبیرانی ئەوکاتی خۆرئاوایی کە هەتا ئێستاش گرنگن دەکات و بۆ ئێمەیان دەگوازێتەوە و بە وردی پرژاوتە سەر بوار و پرۆسەکانی نەتەوایەتی و هزر و ئەقڵ و یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی ئەوەیە کە ئەم کتێبە کە سەرەتاکەی دەست پێدەکات، بە لێکدانەوەیەکی عەقڵانی بۆ حیکایەتی ئادەم و حەوا دەچێتە ناو باسەکەوە. یانی رەنگە ئەمە یەکێک بووبێت لە هۆکارەکانی ئەوەی کە دادگا بڕیاری قەدەغە کردنی کتێبەکە و زیندانی کردنی مەنگوڕی دەردەکات. لە سەرەتای کتێبەکەدا بە رەهەندێکی عەقڵانیدا دەیبەستێتەوە بەوەی کە خواوەند کاتێک ئادەم و حەوای دروست کردووە، بایی ئەوە عەقڵی پێداون کە بڕیار بدەن و بیری پێ بکەنەوە، بایی ئەوە عەقڵی پێداون کە تێڕامێنن، واتە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە عاقڵە و بیر دەکاتەوە، ئاینی ئالەتێک نیە وەکو ئاژەڵ وارسکە (غەریزە) بیجووڵێنێ و رۆبۆتیش نیە بە کۆنترۆڵ بیجووڵێنێ. یانی عەقڵی هەیە و ئەم عەقڵەش وادەکات کە جیاواز لە من و تۆ بیر بکاتەوە و لە ئەنجامدا بگەینە




دوو بەرەنجامی جیاواز. مەنگوڕی دێت لە پەنای خوێندنەوەی چیرۆکی ئادەم و حەوا بەوەی کە ئادەم کاتێک دەستی بۆ دارەکە بردووە و کاتێک ئەم سنوورەی بەزاندووە و کاتێک لە کۆتوبەندی کۆنترۆڵ و بڕیارە دەرچووە کە نابێت نزیکی ئەو دارەوە بکەوی، پەنای بردۆتە بەر عەقڵ و بەکارهێنانی عەقڵ لە رێگای ئەو حیکایەتەوە دەیهەوێ رەواییەکی دیکەی پێ ببەخشێ و بەوەی کە بڵێ ئێمی ئینسان یەکێک لە تایبەتمەندییەکانمان لەو رووەوە کە خوداوەند دروستی کردووین ئەوەیە کە عەقڵی پێ بەخشیوین و تەنانەت هەتا سنووری گوناه پێکردنیش مافی بەکارهێنانیمان هەیە. واتە ئەو سنوورانەش ببەزێنین کە دانراون، لێرەوە مەنگوڕی جگەلەوەی کە راڤەیەکی عەقڵانیی بۆ حیکایەتی ئادەم و حەوا دەکات، دەیهەوێ بناغەیەکی دینیش دابمەزرێنێ بۆ پرۆژەی کتێبەکەی و دواتر دێتە سەر گێڕانەوە و باسکردنی کۆمەڵێک وتە و وتەزاری بیرمەندە خۆرئاواییەکان لەبارەی بە گەورە و بە گرنگ زانینی عەقڵ و پشت بەستن بەم مەسەلەیە و قسە و وتەی ئەوانمان بۆ دەگوازێتەوە و باس لە ئازادیی ژن، پرسی نەتەوەپەرستی، یەکڕیزیی کۆمەڵ و زەرووڕەتی پێشخستنی کۆمەڵگا دەکات. یەکێک لە تایبەتمەندیە سەرەکییەکانی ئەم کتێبە ئەوەیە کە باس لەوە دەکات کە عەقڵ بە ئاراستەیەکماندا دەبات کە بەرەو ئازادی بچین، عەقڵ ناچارمان دەکات کە مرۆڤ ئازادانە بیر بکاتەوە و زۆر جار عەقڵ و ئازادی دەبەستێتەوە بە یەکترەوە. تەنانەت چیرۆکی ئادەم و حەواش ئەو لەو رەهەندەوە باسی لێ دەکات کە ئادەم لەوەی کە ئازاد بێت یان نا، بەڵام مەنگوڕی پێمان دەڵێ کە عاقڵ بێ یان عاقڵ نەبێ. دەڵێ ئادەم عەقڵ و ئازادیی هەڵبژارد بۆ ئەوەی کە ئەگەر گوناحیش بێت و تەنانەت ئەگەر لە بەهەشتیش دەربکرێم و بێمە سەرزەویش، بەئلام نیعمەتی عەقڵ کە خوا پێی بەخشیوە، بەکاری بێنێت. بەڕای من بایەخی ئەو کتێبە لەوە دایە کە دەبێ زۆر قسەی لەبارەوە بکرێت و لێکۆڵینەوەی وردی لەبارەوە بکرێ، چونکە لەم کتێبەی مەنگوڕیدا ئەوەندەی من هەتا ئێستا لە رێگای بیرەوەرییەکانی و لە رێگای هەندێ بەردواداچوونی دیکەی تەنانەت زمانەکانی فارسی، تورکی زانیوە و کاتێ رۆیشتۆتە بەغداش فێری زمانی عەرەبی بووە، من پێم وایە مەنگوڕی لەرێگای هیچکام لەو سێ زمانانەوە ئەو سەرچاوانەی دەست نەکەوتووە، چونکە ئەو کتێبانەی کە باس لە فکر و ئەدەب و فەلەسفەی رەوشەنگەری و رۆشنبیری خۆرئاوایی دەکات لە رێگای ئەستەمبۆڵەوە نەگەیشتوونەتە بەغدا. کەوایە لە کوێوە مەنگوڕی دەستی بەم ئەدەبیاتە راگەیشتووە کە هەتا ئێستا دیار نیە، بەڵام ئەوەی بەرچاو و ئاشکرایە ئەوەیە کە مەنگوڕی هەر لە سەردەمی منداڵیەوە کەسێکی بزێو و یاخی بووە و کەسێک بووە کە تەسلیمی هەندێ دابونەریت و خۆخدەی ئەوکاتە نەبووە، منداڵێکی سەرکەش بووە، ئەم سەرکەشیەی لەڕووی فیزیکییەوە دواتر بۆتە سەرکەشییەکی فکری و هزری. یانی مەنگوڕی کە دەگاتە تەمەنی ٢٨ ساڵ، سەکێشیی کۆمەڵایەتی وەلا دەنێت، بەڵام لەڕووی بیرکردنەوەوە سەرکەشی تەرک ناکات، بەڵکو لەو کتێبەیدا بەڕایستی داهێنانی کردووە و هەر ئەوەش بووە وای کردووە کە دادگا پەلکێشی دادگای بکات و قەدەغەی کردووە. بۆیە ئەم کتێبە بابەخێکی کەلتووری گرنگی بۆ ئێمە هەیە و گرنگیەکەشی لە ناوەرۆکەکەی دایە و لەوە دایە کە ئەم کتێبە رەخنەگرتنە لە واقیعی سیاسی و واقیعی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردی و عیراقیش و هەمووی هەوڵدانە بۆ بە عەقڵانی کردنی کۆمەڵگای کرودی چ لە ئاستی کۆمەڵایەتی و چ لە ئاستی سیاسی و دیسان دەیڵێینەوە بەپێی ئەو پێوەرانەی ئەوکاتە زۆر داهێنەرانە بووە، چونکە مەنگوڕی نە زانکۆی خوێندووە و نە رۆژئاوای بینیوە و نە لەڕووی

مادیشەوە کەسێکی دەست ڕۆیشتووە بـووە، بەڵکو هەمووکاتی مەنگوڕی قـەرزدار و نەدار و دەربـەدەر و ئاوارە بووە و بەتایبەت دوای کۆچی دوایی باوکی، ئیتر دەروازەی دۆزەخ بەڕووی مەنگوڕیدا دەکرێتەوە هەتا ئەو ڕۆژەی کە ساڵی ١٩٨٨ کۆچی دوایی دەکات.

**✱بەردەر لە کتێبی یەکەمی، جەنابت چ خوێندنەوەیەکت بۆ کتێبی دیکەی (گەشتێک بۆ ئەستێرەی مەریخ)ی میزرا مەنگوڕی هەیە؟**

-لەچوارچێوەی لادان و یاخیگەریی و ڕەخنەگرتنە هەمیشەییەکانی مەنگوڕی لە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردیی ئەوکات، هەروەک وتم مەنگوڕی هەر لە منداڵییەوە ئەم ڕۆحی یاخیگەرییە لەناخیدا چەکەرە دەکات و یەکەم جار کەلە قەڵادزێ باوک و دایکی گوشاری بۆ دێنن کە هێشتا منداڵە و بینێرنە بەر حوجرە، ئەو قبووڵی ئەوە ناکات بڕواتە حوجرە بۆ خوێندن و تەسلیمی مەلای حوجرەکە نابێت و زۆر جار کێشە دەنێتەوە و بۆ خۆشی لە بیرەوەرییەکانیدا بسای لێوە دەکات. لەڕاستیدا ئەم تەسلیم نەبوونە و تەمەڵی نواندن و دەرس نەخوێندنەی مەنگوڕی لە حوجرە و خۆ دەرس خوێندن وەک کەسێک کە نەتەنیا هەر عاشقی خوێندنەوە و خوێندەواری نیە، بەڵکو کەسێکە کە ناتوانێ ببێ بە خوێندەوار. ئەمە پێوەندیی بەوەوە نیە کە مەنگوڕی لەڕووی زەینییەوە کێشەی هەیە و توانای فێربوونی نییە یان کێشەیەکی جەستەیی هەبووبێ، بەڵکو لەوە دێت کە جۆرێک لە سەکێشی و جۆرێک لە بزۆزی هەتا سنووری قەڵس کردن لە ناخی مەنگوڕیدا هەبووە کە بەزمی بە مامۆستاکەی گێڕاوە و بیانوو بە مەلاکە دەگرێت و کێشە دەنێتەوە. دواتر کە تەسلیم دەبێت و بڕیار دەدات کە بخوێنێ، مەنگوڕی لە ماوەیەکی کەمدا قۆناغی زۆر گەورە دەبڕێ. مەبەستەم ئەوەیە لەڕووی پێکهاتەی هزری و فکری و بایەلۆژییەوە ئەم ڕۆحی یاخیگەرییە لەلای مەنگوڕی گەشە دەکات و بەپێی قۆناغەکانی فکر و تەمەنیدا دەردەکەون و یەکەم جار ڕەنگە لە سەردەمی شێخ مەحموودا ڕۆحی ڕەخنەگرتن لای مەنگوڕی گەشە دەکات و چەند جارێک بەریەککەوتنی ناخۆش دەبێت لە نێوان مەنگوڕی و دەسەڵاتی سیاسیی ئەوکات لە سلێمانی. دوای ئەوە ئەو ڕۆحە سەرکەشە دێت هەتا دەگاتە تروپکێک و لە کتێبی "گەشتێک بەرەو ئەستێرەی مەریخ" دا دەردەکەوێت کە ئەوکاتە ماڵی لە ڕانیە بووە. مەنگوڕی ئەم گەڕانە زۆرانەی لە قەڵادزێیەوە بۆ ڕانیە و دواتر بۆ سلێمانی و پاشان لە سلێمانییەوە بۆ ڕانیە و بۆ ئێران و دواتر بەغدا و هەورامان، یانی هەموو ئەو شوێنانەی کە گەڕاوە، هۆکاری سەرەکیی بژێوی ژیان و ناچاری وای لێکردووە کە لەو شوێ،انەدا بەدوای پارووییەک ناندا بگەڕێ. یانی زەبری ژیان و نەبوونی وای لێکردووە، سەرەنجام مەنگوڕی لە ڕانیە دەمێنێتەوە و لە ساڵانی ٧٠ کتێبی "گەشتێک بەرەو ئەستێرەی مەریخ" دەنووسێ و ئەم کتێبە کە دیوانە شیعرە لە ناوەڕۆکدا، ئەگەر وێکچواندنێکی بگەین لەگەڵ ئەو گەورە نووسەرانەی دنیا کە یۆتۆپیایان نووسیوە وەکو "تۆمار مۆر" و کۆمەڵێک بیرمەندی گەورەی دیکە و تەنانەت دەیبەستێتەوە بە ئەفلاتوون کە باسی کۆمارێک و مەدینەی فازیلەی کردووە و دەگاتە "تۆمار مۆر" کە خۆی فکری یۆتۆپیا، لە بنەڕەتدا ڕەخنەگرتن و قبووڵ نەکردنی واقیعە، هەوڵە بۆ ڕزگاربوون لەو واقیع و هەوڵە بۆ وێنا و دروستکردنی وێنەی واقیعێک وێنەی دەوڵەتێک، کۆمەڵگایەک و شارێک کە ئەو وێنە و ئایدیالە لەسەر بنەمای قبووڵ نەکردنی ئەم واقیعەی ئێستاوە هاتووە. یانی هەڵاتنە لەم واقیعە و دروست کردنی واقیعێکی دیکەیەکە کە ئەو کەسە لە خەیاڵی خۆیدا وێنای کردووە. بە واتایەکی دیکە ئەم جۆرە کارە وەکو خەون وایە، وەک چـۆن




دەڵێن مرۆڤ لە واقیعدا ئەگەر بێت و لە شتێکدا نەدار و دەسکورت بێت، بە خەون و خەیاڵ خۆی تێر دەکات، یانی مرۆڤی برسی خەون بە خواردنی خۆشەوە دەبینێ. مرۆڤی نەدار لە خەوندا هەمیشە دەوڵەمەندە. مەنگوڕیش بە هەمان شێوە لە کتێبی "گەشتێک بەرەو ئەستێرەی مەریخ"دا باس لەوە دەکات کەلە ڕێگای خەیاڵەوە گەشتێک دەکات بۆ ئەستێرەی مەریخ و لەوێ کۆمەڵگایەک دەبینێ کە تێیدا کۆمەڵێک تایبەتمەندیی جوانی هەیە، یەکسانیی ژن و پیاو و ئازادی مسۆگەرە و ژیان بۆ مرۆڤەکان دابین کراوە و گیروگرفت کەمە. ئەمە لە دوو ئاستەوە لەو کتێبەی مەنگوڕیدا دەردەکەوێ، یەکیان لە ئاستی تاکەکەسیەوەیە، واتە مێژووی ژیانی تاکەکەسیە و مێژووی ژیانی کەسێکە کە تژییە لە نەداری، کێشە، هەڵاتن و ترس و لەزر. چونکە سەردەمێک هەم دەوڵەتی ئێران بەدوای مەنگوڕیدا گەڕاوە و هەم هەم دەوڵەتی عیراق بۆ ئەوەی دادگایی و زیندانیی بکەن. کەلە دەستی دەوڵەتی ئێران هەڵاتووە و گەڕاوەتەوە، بە ناچاری کەسوکاری لەلایەن سوپای حکوومەتی پاشایەتیی ئێرانەوە گیراون، خۆی بەپێ هەڵاتووە بۆ ناوچەکانی دەوڵەتی عیراق، یانی لەلایەن ئێران وهەم لەلایەن عێراقەوە داواکراو بووە. لە ئاستی کۆمەڵایەتی و ناوخۆییش بەشێک لە ئاغاکانی ئەمدیو و ئەودیوی کوردستان لێی ناڕازی بوون و تەنانەت بەشێک لە ڕۆشنبیرانی ئەوکاتەی سلێمانی بەریەککەوتنی ناخۆشیان لەگەڵ مەنگوڕی هەبووە، بۆ وێنە مەنگوڕی لە گۆڤاری "شەفەق" وتارێک بڵاو دەکاتەوە، کە ڕەخنەیەکی ئەدەبی لە ڕەفیق حیلمی دەگرێت کە شیعرەکانی لە ئاستێکی نزم دان، سەیر لەوە دایە کە سەرنووسەری ئەوکاتی گۆڤاری "شەفەق" پێشەکییەک دەنووسی کە ئەم بۆچوونە ڕاست نیە کە لەم وتارەدا هاتووە، بەڵام ئێمە لەم ڕووەوە بڵاوی دەکەینەوە کە بڕوامان بە بڵاوکردنەوەی ئازادیی ڕادەربڕین هەیە. یان ڕستەیەک دەنووی کە زۆر گرنگە و دەنووسێ "ئەم نووسەرە ڕایەکی جیاوازی هەیە، بۆچوونێکی نەبیستراوی هەیە" یانی ئەو تاریفەی بەسەردا دەسەپێ کە

مەنگوڕی لە ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەی خۆیدا کەسێکی ئاسایی نەبووە، یانی وەک تاکێکی کورد هەموو ئازار و مەینەتییەکانی کۆمەڵگای کوردیی هەبووە. سەرەرای ئەوەی کە وەکو تاکەکەس کەسێکی بێدەسەڵات، بەڵام یاخی و کەللەڕەق بووە و ئەوەی بڕیاری داوە کردوویەتی، واتە کەسێکی پەسنگەر نەبووە و لەخۆڕا بە کەسیدا هەڵنەگوتووە. شیعری دژی ئاغا، دەسەڵات، نەریتە کۆمەڵایەتییەکان وتووە، ئەم تایبەتمەندییە تاکەکەسییانەی مەنگوڕی بەڕای من لە کتێبی "گەشتێک بەرەو ئەستێرەی مەریخ"دا بە تەواوەتی ڕەنگیان داوەتەوە. یانی ئەم کتێبە تەنیا بریتی نیە لە قبووڵ نەرکدنی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە هەیە و هەڵاتن بەرەو واقیعێکی تر، مانایەکی تاکەکەسیشی هەیە، واتە بریتتیە لەوەی کە مەنگوڕییەکمان هەیە کە ئەو واقیعە ژیانەی کە تێدایە تاڵ و ئازار و نەبوونیە، ناچارە و خەیاڵی بەلای ئەوەدا دەچێ کە کۆمەڵگای بونیاد بنێت لەسەر مەریخ کە تێیایدا پیاوانی ئایینی لەوێ ئینسانی ترن و دین لەوێدا لە ڕێگای پەرستگە و کەنیسە و مزگەوتەکانەوە کۆمەڵێک مەلا قۆرخیان نەکردووە کە ئەم دیوە ڕەخنە دینیەکەیەتی، باس لە کۆمەڵگایەک دەکات کە تێیدا ژن و پیاو یەکسانن و ئازادیی تەواو هەیە، تەنانەت دەگاتە سنوورێک کە مرۆڤ لەڕووی سێکسییەوە سەربەست بووە و هیچ بەربەست و سانسۆرێک نەبووە. لەلایەکی دیکەشەوە بریتییە لە ڕەخنەگرتنی توند لە کۆمەڵگای کوردی و بەو ئارایتەیەدا دەڕوات کە کۆمەڵگا و دەسەڵات قبووڵ نەکات و ئەم جارەیان لەبری دەسەڵاتی سیاسی پارتی دیمۆکراتی کوردستان چاپی کردووە، لەبەر ئەوەی ئەوکاتە مەنگوڕی تێیدا ئەندام بووە. ئەم جارە لەبری دەسەڵات کۆمەڵگا و بەتایبەت پیاوانی ئایینی لە ڕانیە گەلەکۆمە دەکەن و وەکو مەنگوڕی لە بیرەوەرییەکانیدا باسی دەکات نزیکەی هەزارهەتا هەزار و پێنسەد مەلا و فەقی و خەڵکی سنوورەکە کۆ دەبنەوە و پەلاماری ماڵی مەنگوڕی دەدەن و هەوڵ دەدەن مەنگوڕی پەلکێش بکەن و بیکوژن و پاشان دەیبەنە ناوەندی پۆلیسی ئەوکات و پاشان هەندێ ریش سپی دێنە مەیدان و کێشەکە چارەسەر دەکە ن سەرەنجام دەگەنە ئەو بڕیارەی کە مەنگوڕی ڕانیە بەجێ بهێڵێ، یان لە بەرامبەردا داوای لێدەکەن کە مەنگوڕی پەشیمان بێتەوە لەو بۆچوونانەی و بڵێ مە مەبەیستم لەو قسانە شتێکی وا نەبووە، لێی خۆش دەبن. بەڵام مەنگوڕی پێداگری دەکات کە من ئامادە نیم لەسەر یەک وشە پەشیمان ببمەوە و تەنانەت مەنگوڕی بە خەڵکەکە دەڵێ کە ڕۆژێک دادێ کە ئێوە پەشیمان ببنەوە و ئێوە بەرامبەر بە من لە هەڵەدان. وەک چۆن کتێبەکەی دیکەی ساڵی ١٩٣٨ دادگا قەدەغەی کرد، دیسان ئەگەر بێت و پیاوانی ئایینی جارێکی تر ئێستا ئەم کتێبە بخوێننەوە، پاش ئەم هەموو گەشەی کردنەی فکر و شارستانیەت، تێدەگەن کە ئەو کتێبە شایانی ئەوە نەبووە ئەو هەموو گەلەکۆمەی بۆ بکرێت و ئاوا هێرش و پەلاماری سەر نووسەرەکەی بدرێت. ئەو

هێرش و گەلەکۆمەیەی کە پێم وایە ساڵی ١٩٧١ کراوەتە سەر مەنگوڕی، دوور نیە لە رقی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بووبێت کە هەندێک ئاغا و دەرەبەگ هەیانبووە، چونکە مەنگوڕی چەندین شیعری هەیە بەدژی ئاغا و دەسەڵاتدارانی ئەوکات کە خەڵکیان چەوساندۆتەوە و رووبەڕوویان وەستاوەتەوە. من پێم وایە ئەم کتێبە هەتا ئێستا وەک پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە و لێکۆڵینەوەی جیددیی لەسەر نەکراوە و شی نەکراوەتەوە و ئەوەی کە هەتا ئێستا کراوە شتێکی رووکەشیانە بووە. لە کاتێکدا وەک چۆن مەنگوڕی ساڵی ١٩٣٨ یەکەم کەس بووە کە کتێبێکی دادگا قەدەغەی دەکات و نووسەرەکەی زیندانی و لەسەر کار دەردەکرێ، بە هەمان شێوە لە حەفتاکانیش ئەم کتێبەی مەنگوڕی کەلە شێوەی شیعردا نووسراوە، یەکەمین کتێبە کە پیاوانی ئایینیی ئەوکات بە پشتیوانیی دەسەڵات فەقێ و مەلاکان و خەڵک کۆ دەکەنەووە و هێرش دەکەنە سەری و پەلاماری دەدەن. مەنگوڕی لە هەردوو قۆناغ و حاڵەتەکەدا واتە هەم ١٩٣٨ و هەم لە ساڵی ١٩٧١ی زایینی پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە تەنانەت لە یەک وشەشی پەشیمان نابێتەوە و ەردوو سزاکە قبووڵ دەکات. یەک نموونە هەیە کە بەلامەوە زۆر گرنگە لەسەر ئاستی نەداری و نەبوونیی مەنگوڕی، کاتێک رابە خان کە ژنی دووەمیەتی لە رانیە دەیهێنی و دەیگوازێتەوە، کەسێکی زۆر دەستەنگ بووە، ئەوکات لە سلێمانی قەرزداری پیاوێک دەبێ، ئەو پیاوەش کە دەبیستێ مەنگوڕی ژنی هێناوە، بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە رانیە بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکەی. مەنگوڕی لە بیرەوەرییەکانیدا دەگێڕێتەوە کە تەنیا کاتێک کە دڵم زۆر خۆش بووە ئەوکاتە بوو کە پاش ئەوەی کەسوکاری ژنەکەی رازی بوون و هاوسەرەکەیان بۆ گواستۆتەوە، بەڵام هەر لەو کاتەدا قەرزدارەکە پەیدا دەبێت و قەرزەکەی لێ دەستێنێتەوە و مەنگوڕیی خەمبار کردووە و لەباتی ئەوەی کە لەو کاتەدا بژیوی ژیانی دابین بکات، پارەکەی دەداتەوە بە قەرز و ئەو خۆشیەشی لێ زەوت دەکەن. سەیرە کەسێکی نەدار و ئاوارە و کەسێک کە هەمیشە دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی چەوساندوویانەتەوە و لە هەموو لایەکەوە پەلاماری دراوە، تەنانەت بۆ جارێکیش نەبووە بیروبۆچوونی خۆی بگۆڕێ و سەرباری ئەوەی کە قۆناغەکانی سەرەتایی لە بیستەکان لە سلێمانی بە سیاسەت دەست پێدەکات و حیزبێک بەناوی "خوێنرێژی" دروست دەکات و دواتر لەگەڵ گرووپێکی دیکە ئەو حیزبە گەشە دەکات. کەسێک بووە لای داوە و یاخی بووە لە هەیمەنی دەسەڵات و هەر لە دادگا بەوە تاوانبار دەکرێ کە کۆمۆنیستە، بەڵام بەرپەرچی دەداتەوە کە کۆمۆنیست نیم، ئەوکات قەناعەتێکی گشتی هەبووە کە هەر کەسێک کۆمەڵگا و دەسەڵاتی سیاسی و پاشایەتی و کوێخا و ئاغایەتیی قبووڵ نەبێت، کۆمۆنیستە، بەڵام سەیر ئەوەیە کە مەنگوڕی کۆمۆنیست نەبووە.

***لە کوێ ئەو باسانەی کە لەبارەی مەنگوڕییەوە کردمان دەتوانین بڵێین مەنگوڕی ئاستی بیرکردنەوەی هی ئەو سەردەمە نەبووە و پێش لە قۆناغ و کۆمەڵگاکەی خۆی بیری کردۆتەوە؟**

-بێگومان لە ئاستی سەردەمی خۆیدا نەبووە، بۆ؟ یەکەم مەنگوڕی خوێندەوار، شاعیر و نووسەر و لە هەموو گرنگتریش مەنگوڕی کەسێکی رووناکبیر بووە و بیروبۆچوونەکانی لەگەڵ سەردەمی خۆیدا جیاواز بوون. دوو شت هەیە کاتێک باس لە مەنگوڕی دەکەین دەبێ خۆمانی لێ بپارێزین، یەکەمیان باس لە ساڵانی ٢٠ و ٣٠ و ٤٠ەکان دەکەین کە هێشتا زانکۆ نەبووە و کۆمەڵگایەکی دواکەوتوومان هەبووە و سەرباری ئەوەی کە مەنگوڕی لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و دەست رۆیشتوو نەبووە، بەڵکو هەژار و دەستەنگ و نەبوو بووە. ئەگەر لە رەهەندێکی دیکەوە سەیری بکەین بەڕاستی کەسێکی گەورەیە لە مێژووی ئەدەبی نووسراوی کوردیدا، یانی بە بەراورد بە کۆمەڵگای کوردیی خۆی، پێم وایە مەنگوڕی زۆر کەمتر لەوەی کە شایانیەتی لەبارەیەوە کراوە، لەوەی کە پێویستە ئاوڕی لێ بدرێتەوە، ئاوڕی لێنەدراوەتەوە. کەسێکە هەروەک وتم هەمیشە لە ژیانی خۆیدا لەژێر چاوەدێریدا بووە و داواکراو بووە و دادگا و ئاغاکان لەدواوەی بوون و چەند جارێک هەوڵی کوشتنی دراوە. پۆلیسی حکوومەتی پاشایەتیی ئێران و پۆلیسی عیراقی و ئاغا ویستوویانە بیگرن و سەرباری هەموو ئەمانەش دەستەنگ بووە. هەروەک چۆن لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا جیاواز بووە، لە ئاستی فکریشدا جیاواز بیری کردۆتەوە و هەروەک لە پێشەکیی وتارێکی گۆڤاری "شەفەق"دا هاتووە ئەڵێ ئەم نووسینە بۆچوونێکی جیاواز و تازەیە. مەنگوڕی هەمووکات بۆچوونی تازە و جیاوازی هەبووە کە یەکێکە لە تایبەتمەنییەکانی. ئەو دوای هیچکەس نەکەوتووە، یانی رووی نەداوە بڵێین ئەمە فکری کەسێکی دیکەیە کە وەریگرتووە و لەژێر دەستیدا پەروەردە بووە. مەنگوڕی کاتێک رۆیشتۆتە ئێران و بۆ بەشداری لە کۆماری کوردستان تەنیا هەستی کوردایەتی هانی داوە و رۆیشتۆتە مەهاباد کە خزمەت بە شتێک بکات کە ناوی دەوڵەتی کوردی بووە و نەڕۆیشتۆتە ئەوێ کە بخوێنی و ئاستی رۆشنبیریی خۆی بەرێتە سەر. لایەنێکی تریش ئەوەیە کە زێدەڕۆییە لە پێداهەڵگوتنی مەنگوڕیدا. چونکە مەنگوڕی فەیلەسووف نیە، ئەوەش بڵێم کە مەنگوڕی تاکەکەس نیە کە فەیلەسووف نەبێ، ئێمە لە مێژووی کورددا فەیلەسووفمان نیە. ئەوەش دەڵێن فەیلەسووف نیە بەو مانایە نیە کە کەسێکی ترمان هەیە. ئەو رۆشنبیرێکی سەردەمی خۆی بووە، کەسێک بووە کە تەنیا لە سەردەمی ژیانی خۆیدا نەماوەتەوە. بەڵام هەتا ئێستا وەک پێویست لێکۆڵینەوەی زانستیی لەسەر نەکراوە و ئاوڕی لێنەدراوەتەوە و زۆر دیوی ئەدەب و بیروبۆچوونی شی نەکراوەنەتەوە و لەوانەیە پەیوەندیی بەوەوە هەبووبێ کە ئەم کتێبەی ون بووە و زانکۆکان و رۆشنبیرانی ئێمە هەتا ئێستا لە ئاوڕدانەوە لە مەنگوڕی کورتیان هێناوە. ئەمە بەشێکی بۆ کۆی مێژووی ئەدەبیاتی ئێمەش راستە، یانی ئێمە زۆر نووسەری گەورەمان لە مێژوودا هەیە کە وەک پێویست ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە. بەڵام هیچیان بە ئەندازەی مەنگوڕی غەدریان لێنەکراوە و هیچیان بەو رادەیە لە پەراوێزی گرنگی و بایەخ پێدانی ئێمەدا نین کە کاتێک دەگەڕێینەوەبۆ مێژووی ئەدەبی کوردیش. یانی ئەگەر مەنگوڕی لەڕووی مادییەوە کەسێکی دارا و دەوڵەمەند بوایە، رەنگە لە سەردەمی خۆیدا داهێنان و کاری گەورەتر بکات، بەڵام ژیان هەر ئەوەندە دەرفەتی پێداوە کە کردوویەتی.



تەوێلە، بەهاری ١٩٧٢ مەنگوڕی و نمایشی شانۆیی کاوەی ئاسنگەر

# پاکستان مەنگوڕی: هەموو جار مەنگوڕی دەیوت ڕۆژێک دادێت لەو شوێنەی پەتی سێدارەیان بۆ هەڵواسیبووم، پەیکەری ڕێزلێنانم بۆ بکەن



**پاکستان مەنگوڕی**

پاکستان میرزا مەنگوڕی یەکێک لەکچەکانی مەنگوڕی لەم دیدارەدا ڕۆژانی هەڵکوتانە سەر ماڵی مەنگوڕیمان لەلایەن خەڵکی رانیەوە بۆ دەگێڕێتەوە. کاتێک مەنگوڕی کتێبی ((گەشتی ئەستێرەی مەریخ)) دەنووسێ خەڵکی لەدژی دەوەستنەوە .

***وەک کچی میرزا مەنگوڕی چۆنیەتیی نووسینی کتێبی «گەشتێک بۆ ئەستێرەی مەریخ»مان بۆ بکە و بڵێن چۆن بوو؟**

-باوکم ساڵی ١٩٧١ کتێبی "گەشتێک بۆ ئەستێرەی مەریخ"ی لە نەجەف چاپ کرد، بۆ ماوەی مانگێک خۆی لە نەجەف سەرقاڵی چاپکردنی ئەو کتێبە بوو. بۆ خۆی وتی دوو مامۆستای کوردی لێبووە، یانی لە نەجەف زۆر یارمەتییان داوم. وتی نەماندەزانی چ جلوبەرگێک بۆ "مەردۆخ" دابنێین، چونکە کورد نەبووە هەتا جلی کوردیی بۆ دابنێین، نەمادەزانی چ جلێکی بۆ لەبەر بکەین، مامۆستا "فازڵ سامسۆگ" لە نەجەف، جلێکی بۆ مەردۆخ هەڵبژارد و کردمانە سەربەرگی کتێبەکە. پاش چاپ کردنی کتێبەکان هێنرانەوە رانیە و پاش مانگێک کە کتێبەکە لە کتێبخانەکان بڵاو کرایەوە و خەڵک پێیان زانی و ئەوکاتەش رانیە کەسی خوێندەواری کەم بوو، یانی دانیشتوانەکەی بیرکردنەوەیان وەکو ئێستا نەبوو، ڕۆژێکی هەینی میوانمان هەبوو، ماڵی "عەباس ئاغای مەمەند ئاغا" میوانمان بوون، باوکم لە ژوورەکەی خۆی خەریکی نووسین بوو، دایکم من و کوردستانی نارد بۆ بازار کە شتومەک بکڕین، کە ڕۆیشتینە بازار، ئەوکاتە بانکی لای سەرا چاڵ بوو و ئەو بانکەی لێنەبوو، کە بەوێدا ڕۆیشتین و چووینە سەر جادەکە بینیمان ئەوا کۆمەڵێک مەلا و فەقێ و خەڵک کۆبوونەتەوە. ئێمەش نەماندەزانی چییە و کاتێک ڕۆیشتینە پێشەوە دیتمان کاکم لە پێشی خەڵکەیە و بەدەست خەڵکەکە ئارام ئەکاتەوە و خەڵکەکەش بە خەنجەر و کیلۆی سەر دووکان بە دار و بەرد و تفەنگ و زۆر شتی دیکەیان پێبوو و بەرەو سەرەا ئەهاتن و جنێویان و هاواریان ئەکرد کە ئەچین میرزا مەنگوڕی ئەکوژین. میرزا مەنگوڕی کافەرەو ئەچین و غەزا ئەکەین و ئەیکوژین. کاکم چەندەی هاوار ئەکرد وەڵامیان نەدەدایەوە، چونکە ڕێژەی خەڵکەکە لە هەزار تێپەڕیبوو، یەکجار زۆر بوون. لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆژە هەینی بوو و خەڵک لە نوێژ بوون، دەرگای مزگەوتیان داخست و خەڵکەکەیان کۆکردەوە و وتیان ئێمە ئەمڕۆ غەزا ئەکەین و میرزا مەنگوڕی ئەکوژین، خزمێکمان هەبوو، خاڵۆزامان بوو، ڕێگا نەبوو بڕواتە خوارەوە، بۆیە لە دیواری مزگەوتەکەوە خۆی فڕێی دا خوارەوە و بە هەڵاتن ڕۆیشت بۆ ماڵی کاکم و کاکیشم وتی ئەوکاتە تازە لەسەر کار گەڕابوومە و دەمەویست نەختێ بحەسێمەوە و نان بخۆم، هاواری کرد و وتی کاک ئەحمەد وەرە ماڵ وێران باوکتیان کوشت و خۆپیشاندان و فەرتەنەیە. کاکم وتی کاتێ گەیشتم و بینیم ئەوا گەیشتوونەتە لای دادگا و پەلاماریان دا و حەوشە و سەبان و کۆڵان پڕ بوو لە خەڵک. لەو لاشەوە ئێمە کە چاومان بە قەرەباڵغییەکە کەوت و ناوی میرزا مەنگوڕییان دەهێنا و کاکم پیشی خەڵکەکەی گرت، هەڵاتین و رامانکرد بۆ ژوورەکەی باوکم و پێمان وت باوکە هەستە خەڵک هاتوون بۆ کوشتنی تۆ، وتی چی بووە؟ وتمان وەڵا باوکە زیاتر لە سێ هەزار کەس هاتوون و بۆ کوشتنی تۆ و دەڵێن غەزا دەکەین. باوکم خۆی حەفتەیەک دەبوو زانیبووی، بەڵام لەلای ئێمە قسەی نەکردبوو. دەیگوت بەلامەوە ئاسایی بووە و نەمزانیوە شتەکە بەم شێوە گەورە دەبێتەوە. باوکم بە پەلە پەل خۆی گۆڕی و لە حەوشەی ماڵەکەمان کە زۆر گەورە بوو، ڕۆیشتە بن دارێکەوە بە تەوەر داسێکەوە راوەستا. بە حیسابی خۆی دەیهەویست بەرگری لەخۆی بکات. منیش ڕۆیشتم و وتم باوکە ئەوە چی دەکەی ئەم تەوەر داسە چییە بەدەستتەوە، برۆ بزانە چ خەڵکێک وەستاوە. ماڵە دراوسێیەکمان هەبوو کە ماڵە "فەتاح ئاغای قوڕەگۆ"یان پێی دەگوتن، وتم بچم لە ماڵی ئەوان چەکێکت بۆ بێنم؟ وتی نا مەچۆ، ئێستا ئەگەر چەک بەدەستمانەوە ببینن، دەبێ بە شەڕەتەقە و خەڵکی تێدا دەکوژرێ، قەیناکات، بەڵام ئێوە خۆتان لە منەوە دوور بگرن، ئەگەر بشکوژرێم با هەر من بکوژرێم. وەڵا ئیتر گەنج و پیرەکان هاتنە پێشەوە و دار و بەردیان ئەگرتە باوکم و سەرەنجام "شێخ مستەفا" بەم مەسەلەیەی زانیبوو و هات و لەبەر دەرگاکەوە خەڵکەکەی لادا و هاتە ژوورەوە، باوکمی خستە ژێر عەباکەیەوە و هاتنە حەوشە و کورسیان دانا و دانیشتن و دواتـر "معاون" هات و دەمانچەیەکی دایە دەست باوکم و کۆمەڵێک فیشەکی دیکەی پێدا و گوتی بەرگری لە خۆت بکە و دواتر بانکی چەند مەلایەکی زانایان کرد و هێنایاننە ژوورەوە و دانیشین کتێبەکەی روون بکەینەوە، ئەمە چیە خەڵک خراپ لەو کتێبە تێگەیشتوون. لەو کاتەشدا فەقێیەکیان خستبووە سەر پیکابێک و ئەو کتێبەی ئەخوێندەوە، بەڵام بە سەقەت ی و بە نەخوێندەواری و نەزانی کە هێندەی دیکە خەڵکەکەی هان دابوو. شێخ مستەفا وتی جارێ ئەو فەقێیەم بە شەق بۆ دابگرن، بزانن ئەمە چی دەکات، باوکم کتێبەکەی بۆ خوێندنەوە و گوتی کاکە گیان راستیەکەی ئەمەیە کە من لە خەوما خەونێکم بینیوە و لەم کتێبەدا باسی خەونەکەم دەگێڕمەوە، دواتر پیکابێکیان هێنا و لەگەڵ




باوکم و شێخ مستەفا و لەگەڵ مەعاوەنەکە سوار بوون و بردیان بۆ سەرا و قەرەباڵغییەکە رووی کردە سەرا، باوکم لەو شوێنەی کە ئێستا پەیکەری بۆ کراوە دابەزی و شیعری خوێندەوە و گوتی ڕۆژێک ئەبێ ئێوە لێرە وێنە و پەیکەرم بۆ بتاشن. باومیان بردە ژووری سـەراوە و خەڵکەکەش هاواریان ئەکرد میرزا مەنگوڕیمان بۆ بێننە دەرەوە، میرزا مەنگوڕی کافر بووە و ئێمە هاتووین ئەو کافرە بکوژین. ئەم وەزع و خۆپیشاندانە سێ کاتژمێری خایاند و ئەو شەوە باوکم لەگەڵ کاکم لە سەرا مایەوە، خەڵکەکە هەر داوایـان دەکـرد لە سـەرا بێتە دەرەوە، بەڵام حکوومەت نەیهێشت، پارێزگای ئەوکاتی سلێمانی "عەلی عەبدوڵڵا" نامەیەکی بە پەلەی نارد و نووسیبووی بەیانی زوو میرزا مەنگوڕیم بۆ بێننە سلێمانی، بەیانییەکەی هێشتا مەلا بانکی نەدابوو، باوکمیان خستە ترۆمبێلێکەوە و هێنایان بۆ سلێمانی، ئێمەش وامان دەزانی باوکم هەر لە سەرای رانیەیە. هەر لە رانیەوە هەتا نزیکی دووکان خەڵک لەسەر جادە دانیشتبوو کە باوکم بێت بیکوژن. خەڵکەکە کە هیچیان بۆ نەکرا، سەرەنجام کۆمەڵێک مەلا چوونە لای "مەلا مستەفا" و شکاتیان لە باوکم کرد و وتیان میرزا مەنگوڕی شتێکی وایکردووە و ئێمە دەمـانـەوێ تۆ سـزای بدەیت، ئەویش گوتبووی من هەر لە منداڵییەوە میرزا مەنگوڕی ئەناسم و ڕەفیقی منداڵی و گەنجیمە، من چۆن کابرایەکی نووسەر و شاعیری وەکو مەنگوڕی دەکوژم. ئاخۆ ئەم کارە جوانە بۆ من کە بیکوژم یان ئازاری بدەم؟ من کاری وا ناکەم. ئەویش پێی وتبوون ئێوەش بڕۆن شتی لەسەر بنووسن و هەرچیتان پێخۆشە لەسەری بنووسن. ئەوانیش هاتن و شتەکانی خۆیان لەناملکەیەکدا بەدژی بڵاو کردەوە و باوکمیان بۆ ماوەی سێ مانگ گواستەوە بۆ شارۆچکەی "تەوێڵێ" و دوا ماوەیەک بەدوای ئێمەشیدا نارد و گوتی ئێوەش وەرن و ئێمەش هیچێکمان نەبرد و ڕۆیشتین بۆ تەوێڵێ.

*باوکتان کەسێک بووە کەلە ژیانیدا دژی هەموو چەوتی و لارییەک بووە و پابەندی حەق بووە، ئەو لە ئامۆژگارییدا چی پێتان دەگوت و دەیوت ئەمرێگایەی ئەو بگرنە بەر؟

-هەموو کات دەیگوت هەتا ئەتوانن بخوێنن، بـەڵام خۆتان لە قـەرەی سیاسەت مـەدەن، ئەوەتانێ ئەبینن من چیم نەکرد بۆ گەلی کورد ئەوە پاداشت و وەفاکەیان بوو بەرامبەرم. تکایە ئێوە خۆتانی لێ دوور بگرن. ئەوەی کە من خۆم لێی داوە و ئیشی بۆ دەکەم و هەوڵی بۆ دەدەم و ئەم هەموو نەگبەتی و ناخۆشی و کوێرەوەرییەم چێشتووە، ئێوە مەیکەن.

*بیرت دێت یان لە زەینتدا ماوە کە باوکت وەسیەتێکی کردبێت؟

-وەسیەتەکەی ئەوە بوو کە گوتی ئەگەر مردم بمبەن و لە "کێوەڕەش" بمنێژن و با قەبرەکەم بەتەنیا بێت و تکایە لە هیچ گۆڕستانێک مەمنێژن، هەموو جارێک دەمگوت باوکە، تۆ بۆ ئەو شوێنەت هەڵبژاردووە؟ کێ ئەتبا بۆ ئەو شوێنە؟ ئەیگوت میللەت ئەمبات بۆ ئەو شوێنە.

*بیرەوەرییەکی خۆش یان ناخۆش کە پێوەندیی بە باوکت (میرزا مەنگوڕی"ییەوە هەبێت بۆمان بگێڕەوە؟

-هەر ڕووداوی خۆپیشاندان و پەلامارەکە بەدژی باوکم، ئەو ڕۆژە من زوو زوو دەچووم بۆ لای باوکم ئەموت بزانم هیچی پێویست نیە، ئەیوت پاکستان تۆ هیچ مەکە و تەنیا داوات لێدەکەم "مـەلا لـۆکـس" (مـەلا و مجێوری مزگەوتی گەورەی رانیە) بوو، لێمی دوور بخەرەوە. مەلا لۆکس یەک تۆپ حەب و تەنافی پێ بوو و خێرا خێرا بە باوکمی دەگوت کە بەم تەنافە رات ئەکێشم کافر. باوکم ئەمەی زۆر بەلاوە ناخۆش بوو و دەیگوت باشە مەلا لۆکس ئەم تەنافەت بۆ من هێناوە و خێرا خێرا دەیهێنیتە پێشەوە و تۆ بچۆ ئەو مەلایەم لێ دوور خەروە. بەڵام مەلا

# د. شێرکۆ مەنگوڕی: دنیابینیی مەنگوڕی بۆ ڕەخنە لەسەر بنەمای فیکرو هەڵوێست بووە، نەک لەسەر بنەمای رقو کینە. ئەگەرنا شیعری بۆ شێخ مەحمودو قازی محەمەدو بارزانیو پیرەمێرد نەدەنووسی



د. شێرکۆ مەنگوڕی

د. شێرکۆ مەنگوڕی کوڕی میرزا مەنگوڕی سەبارەت بە دوو لایەن لەسەر مەنگوڕی قسە دەکات ، لەلایەک وەک کوڕی ئەو پیاوە و لەلایەکی ترەوە وەک خوێنەرێک رای خۆی لەسەر بیروڕاکانی مەنگوڕی بەدیدێکی زانستیانە دەردەبڕێت . ئەو پێی وایە مەنگوڕی یەکەم کەس بووە لەسەر بیروڕای ئازاد پەلکێشی بەردەم دادگا کراوە .

***بەڕای جەنابت میرزا مەنگوڕی کێیە و چۆنی پێناسە دەکەی؟**

-ئەمە پرسیارێکە کە وەڵامەکەی لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە مەنگوڕی هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا وەکو کەسێکی یاخی و کەسێک کە بیهەوێت نهێنییەکانی ئەو ناوچەیەی کە خۆی تێدا ژیاوە کە قەڵادزێ بووە ببینێ، بەو هۆیەی کە باوکی سەرقاڵی بازرگانی بووە، گەشتێکی کردووە بۆ بەغدا و دواجار بۆ بەسرە، مەنگوڕی لەو تەمەنەدا خولیای سەفەری لەلا دروست دەبێت. ئەمە سەرەتایەکە کە سەفەر لەلای مەنگوڕی ئەبێتە بینینی دنیایەکی تر کە بۆ ئەو سەردەمە (١٩٢٢)، واتە لەرێگای ئەو گەڕانەیەوە تووشی کۆمەڵێک گیروگرفت دەبێت، بۆیە دەبینین مەنگوڕی هەر لە سەرەتای لاویەتیی خۆیەوە کەسێک بووە حەزی لە گەڕان، پشکنین و پەی بردن بە نهێنییەکانی ژیان کردووە. ئەمە وای لە مەنگوڕی کردووە کە دوای ئەو گەشتە دوور و درێژە و دۆزینەوەی باوکی و هەروەها دواجار کە گەشتێکی تر بۆ بەسرە ئەکەن. لەو سەردەمەدا ئیدی وردە وردە دنیابینیی مەنگوڕی چەکەرە دەکات. لە بواری خوێندندا مەنگوڕی هەروەک لە بیرەوەرییەکانیدا باسی لێوە دەکات کەسێک بووە کە زۆر حەزی لە خوێندن نەبووە. ئەویش بەهۆی ئەوەوە بووە کەلە حوجرە خوێندوویەتی، راستە ئێمە هەمیشە باس لەوە دەکەین کە لە رابردوودا حوجرەکان قوتابخانەیەکی گرنگ بووە بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی تر، بەڵام کێشە و گرفتی زۆریشیان هەبووە، ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە سەر ئەو پاشخانە فکری، رۆژنامەوانییەی کە هەمان لە ساڵی ١٩٢٦ ئەحمەد عەزیز بەگ لە رۆژنامەی ژیان، رەخنەیەکی زۆر جوانی هەیە هەیە لەسەر بابەتی حوجرە کە خۆی یەکێک بووە لە دەرچوانی حوجرە. کەواتە ئەو بۆچوونە لەبارەی حوجرەکانەوە هەر لە گۆڕێدا بووە، واتە ئێمە ئەم هەموو مەکتەبانەمان هەیە چ پێویست دەکات منداڵەکانمان بەرینە سەر ئەو عەرزە رەق و بێ ئیمکاناتە و لەوێ تووشی دەیان نەخۆشی دەبن، بۆچی منداڵەکانمان تووشی ئەم کێشە بکەینەوە. گەوایە مەنگوڕی شانی داوەتە بەر و پاشان توانیویەتی خوێندنی سەرەتایی لە مەکتەبی "روشدیە" تەواو بکات. سلێمانی بۆ مەنگوڕی گەشتێکی تر بووە کەلە ساڵی ١٩٣٢ بەدواوە هاتۆتە شاری سلێمانی و بۆ دۆزینەوەی کار و دەوام رووی تێدەکات. ئەو ساڵەی کە مەنگوڕی دێتە سلێمانی دوای ساڵ دوای ئەوە بووە کە شۆڕش یان راپەڕینی بەر دەرکەی سەرا قەوماوە. ئەو کەش و دۆخە کرانەوە و ئازادیخوازی و ئاستە پێشکەوتووە رۆشنبیریەی سلێمانی وایان لە مەنگوڕی کردووە کە بەو بزووتنەوە رووناکبیریەی کە لەم شارە هەبووە سەرسام بێت. دوای مانەوەی شەش ساڵ لە سلێمانی، یەکەم بەرهەمی خۆی (هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن) چاپ و بڵاو دەکاتەوە.

***یەکەم بەرهەمی مەنگوڕی لە شێوازی چاپی کتێب بووە یان گۆڤارو رۆژنامە؟**

-یەکەم کاری بە کتێب بووە، دیارە بۆ ئەو سەردەمەو بۆ قسەکردن لەبارەی ئاستی سیاسیی ئەوکاتەی سلێمانی، هەروەک دەزانین سلێمانی لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیزدا بووە ئەوکاتە، حکوومەت حکوومەتێکی پاشایەتی بووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا مەنگوڕی توانیویەتی پەی بە زۆر نهێنی و بابەتی شاراوە ببات، ئێمە باس لە چەکەرە کردنی بیری مەنگوڕی دەکەین، میرزا مەنگوڕی کەسێک بووە کە زۆر وردبین بووە و بەدواداچوونی بۆ رووداو و ئەو رەوتە پێشکەوتنانەی کە لە بواری فکر و فەلسەفەد لە گۆڕێدا بوون، هەبووە. دیارە خوێندنەوەیەکی جیددی بۆ ئەو بابەتانە هەبووە، ئەگەر ئێمە خوێندنەوەیەک لەبارەی دۆخی ئەوکاتی شاری سلێمانی بکەین، دەبین ساڵی ١٩٢٢ی زایینی حەشیمەتی ئەم شارە ١٥٥ هەزار کەس بووە، ئایا ئەبێ ئاستی خوێندەواری و نەخوێندەواری لە شاری سلێمانی چۆن بووبێت؟ مەنگوڕی لەناو ئەو رەوشەدا واتە رەوشی رۆژنامەگەرییەدا کە ئەوکاتە رۆژنامەکانی "ژیان و زبان" چاپ و بڵاو دەبوونەوە، شانەبەشانی ئەمانە بزووتنەوەیەکی رووناکبیری لە شاری سلێمانی هەبوو. بۆیە مەنگوڕی توانی بە سوود وەرگرتن لەو کەشە سیاسی و ئازاد و گەشەسەندنەی کە خوێندنەوەیەکی جیدیی هەیە لەسەر ئاستی نوخبە و رووناکبیری، دەستی بردووە بۆ دانانی یەکەم بەرهەمی خۆی کە (هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن)ە، کە ئەو کتێبە یەک لەو کتێبانەیە کە مەنگوڕی توانیویەتی سوود لە هەموو ئەو رەوتە فکری و فەلسەفیيانەی کەلە ئەورووپا باو هەبووە و هێناویەتی لەناو بابەتی کتێبەکەی خۆیدا بە جۆرێک گونجاندوویەتی، هەروەک ئێستا نووسەرانی ئەم سەردەمە چۆن بۆچوون و روانگەی فەیلەسووف و بیرمەندان لە تێسکت و نووسینەکانیاندا دێننەوە، مەنگوڕی حەفتاوپێنج ساڵ بەرلە ئێستا و لە ساڵی ١٩٣٨دا توانیویەتی ئەو بیروبۆچوونانە وەربگرێت و لەناو کتێبەکەی خۆیدا بیگونجێنێ، بۆ نموونە پەنای بردۆتە بەر بۆچوونەکانی "شیلێر" شاعیری مەزنی ئەڵمانی، یان هەندێک لە بۆچوونەکانی "جان جاک رۆسۆ" کە ئەم بابەتانە هەتا ئێستاش لەناو نووسینی نووسەرە دیارەکانی ئێمە لە کوردستاندا رەنگ و سیمایان لەناو نووسین و ئەدەبی کوردیدا مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە. واتە زادەی ئەم سەردەمی ئێستا نیە کە هەندێک وای لێک دەدەنەوە کە خوێندنەوەی رووناکبیران و رۆشنبیرانمان بۆ مەسەلە و رەوتە فیکری و فەلسەفییەکان لەم چەند ساڵەی دواییدا سەریهەڵداوە، نەخێر هەر لە ساڵانی ١٩٢٢، ١٩٢٣ و ٢٤ بەدواوە، ئەم جۆرە لە وەرگرتن و بەکارهێنانانەی بیروبۆچوونەکان هەبووە. مەنگوڕی لەو کتێبەیدا توانیویەتی قسە لەبارەی ئەو چەمکانەوە بکات کە لەباری فیکر و فەلسەفە لەو سەردەمە لە ئەورووپا و لە دنیای عەرەبیشدا کەم تا زۆر تەشەنەی سەندبوو. بۆیە قسەکردنی نووسەرێک لەبارەی ئەو بابەتانە بۆ دنیای ئەدەب شتێکی هەتاڕادەیەک تازە بووە، راستە کۆمەڵێک نووسەری دیکەش ئەو بیروبۆچوونانەیان هەبووە، بەڵام ئەو بەکارهێنان و گونجاندنانەی کە مەنگوڕی لە دووتوێ و لە پەراوێزی کتێبەکانیدا هێناویە، زۆر شارەزایانە و بە جیددی ئیشی لەسەر ئەو بابەتانە کردووە. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو کتێبە سەرەتایەک بووە بۆ کرانەوەی بیری مەنگوڕی بەرەو دنیای رووناکبیریی کوردیدا کە لەو سەردەمەدا پاشخانێکی بەهێزی هەبووە.

***میرزا مەنگوڕی لەژێر کاریگەریی چ رەهەندێکی فیکریو ئایۆلۆژیدا بووە؟**

-لە کتێبەکەیدا دەردەکەوێ کە مەنگوڕی سەر بە هیچ لایەن و بۆچوونێ:ی تایبەتی نەبووە، چونکە قسە لەسەر نازییەت و سوسیالیزم دەکات و هەروەها باس لە مەدەنیەت و بیروڕای ئازاد و لیبراڵیزم کرانەوە دەکات، لە هەموو ئەمانەدا خۆی ساغ نەکردۆتەوە کە سەر بە چ رەوتێکی فیکرییە، بەڵام تەنیا هاتووە سوودی لەو بۆچوون و روانگانە وەرگرتووە و شیی کردوونەتەوە و هەوڵی داوە دەری بخات کە کامیان پێویستن کە کورد قازانجیان لێ بکات. بۆ نموونە لەبارەی بابەتی زمانەوە قسە دەکات لەو کتێبەدا، کە ئایا زمان لەو سەردەمەدا و پێش ئەویش بە چەند ساڵێک نووسەر و شاعیر و رۆشنبیرانی کورد پەییان بە گرنگیی زمان بردووە کە بۆ نەتەوە چەندە گرنگە؟ ئەم جارێکی تر هاتۆتەوە باس لەسەر زمان و فاشیزم دەکات کە ئایا دواجار نەتەوە بە چ ئاقارێکدا دەبات؟ نازییەتیش بە هەمان شێوە، بۆیە مەنگوڕی خۆی لەوێدا زیاتر لەبارەی پرسەکانی یەکسیانیی کۆمەڵایەتی، ئازادی و چەمکی سەربەخۆییەوە قسە دەکات کە ئەمانە هەموویان بۆ ئەو سەردەمە کۆمەڵە چەمکێک بوون کە قسەکردن لەبارەیانەوە لەناو ئەدەبی کوردیدا دیاردەیەکی تازە بووە، هەرچەند پێشتریش هەبوون، بەڵام مەنگوڕی هاتووە زیاتر زەقی کردۆتەوە و قسەی لەباریانەوە کردووە. بۆیە ئەمە وا لە مەنگوڕی دەکات کە رووبەڕووی یەکەم بەرکەوتنی خۆی لەگەڵ حکوومەت بێتەوە، ئەمەش وای کردووە کە دەسەڵات هەست بەوە بکات کە ئەم کتێبە دواتر مەترسییەکی گەورە ساز دەکات.

بۆیە دەیکێشنە دادگا و لەناو دادگاش لە ٢١ جەلەسەدا کە بەپێی بیرەوەرییەکانی خۆی کە نووسویەتی، هەموو پرسیارەکان لەو بارەوەن و ئەیانەوێ تۆمەتباری بکەن کە تۆ کەسێکی شیۆعیت، مەنگوڕی لە پارچە شیعرێکدا جارێکی تر رۆیشتۆتە سەر مەسەلەی دادگایی کردنەکەی و دەڵێ: من وەکو بیر سەر بە لایەنی شیوعیەت نیم، بەڵام فیکرێکە و توانیومە سوودی لێوەربگرم و توانیومە خوێندنەوەم بۆی هەبێت و هەست دەکەم لە خزمەت لایەنێکی دۆزی کورد دایە. لێی دەپرسن تۆ نازیت بە هەمان شێوە دەڵێت ئەگەر نازییەت لەپێناو ئەوەدا بێت کە نەتەوەیەک سەر بخات، ئەوا من لەو روانگەوە جەختم خستۆتە سەری و سوودم لێوەرگرتووە. بۆیە دەبینین مەنگوڕی لەوێ خۆی ساغ نەکردۆتەوە کە ئاخۆ کەسێکی چەپە، یان کەسێکە کە سەر بە گرووپ یان بیروبۆچوونی: بێت کە لەو سەردەمەدا هەبوون.

***هەست ناکەی لەو بیروبۆچوونانەیدا وا دەردەکەوێ کە کەسێکی نەتەوەییە و بیری ناسیۆنالیستی بەرسەریدا زاڵە؟**

-بێگومان ئەوە هەست پێدەکرێ، دواجار لەسەر ئەوە حوکمی دەدەن و دەڵێن تۆ کەسێکی و دەتهەوێ هانی جوداخوازی و هانی بنیاتنانی کیانێکی کوردی بدەیت، لەبەر ئەوە ئەم کتێبەی تۆ دەستی بەسەردا بگیرێ و خۆشی بۆ ماوەی شەش زیندانی دەکەن. کەواتە بەڵێ دەتوانین بڵێین کەسێک بووە کە نەتەوەییانە بیری کردۆتەوە و لەو سەردەمەشدا فیکری نەتەوەیی بەهێز بووە. نموونەی بیسمارک دێنێتەوە، باس لەوە دەکات کە بیسمارک چۆن توانی ئەڵمانیا یەک بخات. ئێمەش دەبێ بیسمارکێکمان هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێت کورد یەک بخات. بۆیە دەتوانین بڵێین مەنگوڕی بەو تۆمەتە دەستبەسەر کرا کە کەسێکی نەتەوەییە و خستبوویانە ئەو خانەیەوە کە خیانەتی کردووە و نەتەوە پەرستی ئەکات. مەنگوڕی لە کتێبەکەی خۆیدا جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکات کە پێویستە کورد دەوڵەت و کیانێکی سەربەخۆی هەبێت.

***دکتۆر ئەگەر لە مێژوو و ئەدەب و فەرهەنگی سیاسیی خۆشماندا نموونەیەک بهێنینەوە، هەست دەکرێ مەنگوڕی بکرێتە سەرمەشق و پێشەنگ و بە کەسی یەکەم دائەنرێ کە لەسەر بیوڕای ئازاد زیندانی کرابێت؟**

-هێندەی تێبینی ئەکرێت و بەپێی بەدواداچوونمان بۆ ئەو بابەتە، دەتوانین بڵێن بەڵێ لەسەر بیروڕای ئازاد، بەڵێ میرزا مەنگوڕی لەسەر کتێبێک بەناوی "هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن" یەکەم نووسەر بووە کە دادگایی بکرێت و بخرێتە زیندانەوە، بەڵام سانسۆر هەبووە لەو سەردەمەدا رەنگە هەندێک نووسەری دیکە بابەتی سانسۆر کرابێت، یان رێگای نەدرابێت کتێبەکەی بڵاو بکاتەوە، بەڵام مەنگوڕی رێگای پێدراوە لە چاپخانەی شارەوانی کتێبەکەی چاپ و بڵاو بکاتەوە، بەڵام دواجار کە کتێبەکە کەوتۆتە بازار، ئەو دەنگدانەوەیەی داوەتەوە، دوای ئەوە بە

وردی کتێبەکەیان خوێندۆتەوە کە بەڵێ ئەم کتێبە پڕە لە بیر و هزری نەتەوەیی، پڕە لە یری یەکسانیخوازی و ئازادیخوازی کە بۆ ئەو سەردەمە کە سیستەم پاشایەتی بووە، ڕێگای باسکردنیان پێنەدراوە. ئەگەریش ڕێگایان دابێت، ڕێگایان بەو کەسانە داوە کە سەر بە خۆیان بوون، بۆ ئەوەی بتوانن ڕەخنە لە نەیارانی خۆیان بگرن، بەڵام دوای ئەوەی ١٥٠٠ نوسخەی لەو کتێبە چاپ کردووە هەر هەمووی لە بازار کۆ دەکەنەوە و ئەیسووتێنن و دواجار خۆشی لە کارەکەی دەرئەکرێت و شەش مانگ حکمی زیندانی پێ ئەدەن. خۆی لە بیرەوەرییەکانیدا باس دەکات کە ڕاستە ئەمە سەرەتایەکی قورس بووە بۆی، لە تەمەنی ٢٨ ساڵیدا کە تۆ لەسەر بیروڕای ئازاد بخرێیتە کونجی زیندانەوە، بەڵام ئەڵێ ئەوکاتەی زیندانی کەلە شارەکانی سلێمانی و کەرکوک تەواوی کردووە، دەڵێ زیندان زیاتر موکوڕ و پێداگری کردم کە بەردەوام بم لەسەر ئەو بیرەی خۆم و هانی دام کە حوکمەکەم تەواو بکەم هەتا زیاتر پێ لەسەر ئەو بابەتانە دابگرم.

***ئەمە بۆ کاتی خۆی وەرچەرخانێک بووە، ئەم وەرچەرخانەش لەلایەن گەنجێکی تازە پێگەیشتۆوە ب ناوی «مەنگوڕی» ئەنجام دراوە، بەڵام وەک پێویست ئەم کەسە بە نەوەی ئەمرۆ نەناسراوە، بۆ؟**

-هەڵبەتە زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە ئایا بۆ مەنگوڕی وەک پێویست وەک نووسەر و ئەدیبەکانی تر نەناسراوە؟ کە گەلێک هۆکار هەیە کە لەوانەیە لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە هەندێکیان بکەم، یەک لەوانە ئەوەیە کە مەنگوڕی خۆی لەسەر ژانرێکی ئەدەبی ساغ نەکردۆتەوە، واتە لە بواری شیعر، یاداشت و کتێبی مێژوویی، چیرۆک، پەندی پێشینیان و قسەی نەستەف و هەروەها کۆمەڵێک کتێبی پێوەندیدار بە ئاییني نووسیوە، ئەمانە هەموویان وایان کردووە کە مەنگوڕی تەرکیز نەخاتە سەر ژانرێکی ئەدەبیی تایبەت یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان کە ئەتوانم بڵێم ئەوەیە کە مەنگوڕی هەمیشە بەر یەککەوتنێکی لەگەڵ حکوومەت و دەسەڵات و نوخبەی ڕووناکبیر هەبووە، ئەمەش وای کردووە کە بەردەوام لە جەدەل و بەرەنگاربوونەوەدا بووە، بۆیە کەمتر پرژاوەتە سەر ئەو بابەتە و خۆی تەرخان نەکردووە بۆ ئەو لایەنانە و زیاتر کاری سیاسیی کردووە. بۆ نموونە گرووپا یان حیزبی "خوێنرێژی"یان دامەزراندووە کە قازی ناسراو بە "مەلا شاهۆ" سەرۆکایەتیی کردووە و هەندێ چالاکیشیان نواندووە و دواجار گرووپەکەیان ڕۆیشتۆتە ناو حیزبی برایەتی، ئەمەش بۆ خۆی تێکەڵ بوونی بە سیاسەت و هەڵوێست نواندنی وای کردووە کە مەنگوڕی جاروبار لە دنیای ئەدەب دوور بکەوێتەوە و نەپرژێتە سەر بوار و دنیای ئەدەب. یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە وایان لە مەنگوڕی کردووە، ئاوارە بوونیەتی، مەنگوڕی لە ژیانی ٧٨ ساڵەی تەمەنی خۆیدا، چواردە جار ئاوارە بووە، چوار جار لەسەر بیروڕای ئازاد و لەسەر هەڵوێستەکانی زیندانی کراوە، ئەمانە هەموویان وایان کردووە کە ژیانێکی پڕ لە چەرمەسەری و پڕ لە ململانێ بەرێتە سەر. جگەلەوە لە ساڵانی چلەکان و بەتایبەت ئەو بزووتنەوە ڕووناکبیریەی کە لە سلێمانی لە ئارادا بووە، مەنگوڕی لەبری ئەوەی کە قسە لەسەر ئەدەبیاتی خۆی بکات و هەوڵی چاپی کتێبەکانی بدات، هاتووە کەوتۆتە مشتومڕ لەگەڵ نووسەر و کەڵە نووسەرانی هاوسەردەمی خۆی و ڕەخنەی لێگرتوون، بۆ وێنە پیرەمێرد، ڕەفیق حیلمی و گۆران و... و لە ڕۆژنامەکانی ئەوکاتدا بڵاوی کردوونەتەوە.

ئەگەر بمەوێ ئاماژە بە یەکێک لەو نووسینانەی بکەم کە ساڵی ١٩٥٨ لە گۆڤاری شەفەق بڵاوی کردۆتەوە و هەروەها لە گۆڤاری گەلاوێژیش لە ساڵی ١٩٤٤ نووسین و ڕەخنەیەکی توند لە نێوان مەنگوڕی و بێکەسی شاعیردا هەبووە، بەڵام ئەوەی ساڵی ١٩٥٨ لە گۆڤاری شەفەقدا مەنگوڕی وەڵامی نەمر ڕەفیق حیلمی دەداتەوە کەلە وتارێکیدا کە لەسەر شلعیرە هەڵکەوتووەکانی کوردی نووسیوە، لەوێ ناوی چەند شاعیرێکی کوردی هێناوە و وتوویە ئەمانە شاعیری ناسراو و هەڵکەوتەی کوردن. مەنگوڕی دێت ڕەخنە لەو وتارەی ڕەفیق حیلمی دەگرێت کە ئەمە دیدێکی تەسکبینانەی "ڕەفیق حیلمی"یە و دەڵێ نەخێر لە پاڵ ئەو شاعیرانەدا کە لەسەر ڕێبازی دیاریکراوی خۆیان کار دەکەن، کۆمەڵێک شاعیری دیکەش هەن کە ڕێبازێکی دیکەیان هەیە بۆ شیعر نووسین، ئەمانەش ڕۆڵیان هەیە لەو مەسەلەیەدا و ئەمەشی بە نەنگی زانیوە و ئەڵێت: ئەو تەنیا چەند شاعیرێکی شاری سلێمانیی بینیوە. ئەمە بۆ خۆی سەرەتایەک بووە بۆ مەنگوڕی کە بکەوێتە بەر نەشتەری ڕەخنەی کۆمەڵێک لە شاعیر و نووسەرە دیارەکانی ئەو سەردەمە بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو تاقە دەستێک بووە کە ڕووبەڕوی ئەو هەموو شاعیر و نووسەرەی ئەو سەردەمە بۆتەوە، هەڵبەت هێرشی ئەوان زیاتر بووە لەسەر مەنگوڕی، بۆیە دەبینین هەر کە گۆڤاری شەفەق ساڵی ١٩٥٨ ئەو وتارەی مەنگوڕی بڵاو دەکاتەوە، بەدوایدا بە کۆمەڵێک وتار هێرش دەکەنە سەر مەنگوڕی کە ئەو قسانەی لادانە لە ڕەوتی ئەدەبی و ناشارەزاییە و هەندێ ڕەخنەی دیکەشی بەرەوڕوو دەکەنەوە، کەواتە ئەم بابەتە لە پاڵ بابەتە سیاسییەکان و لە ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ دەسەڵات، بەرەنگار بوونەوەیەکی تر لەگەڵ نوخبەی ڕووناکبیری ئەو سەردەمە ساز بکات و ڕەخنە بگرێت. ڕەخنەکەش بە پێوەر و میتۆدی سەردەمی ئێستا ناتوانین بڵێین کە ئاخۆ سەرکەوتوو

بوون یان نا، بەڵام بۆ سەردەمی خۆی کە قسە لەسەر پەنجا هەتا شێست ساڵ لەمەوپێش دەکەین کە ئەوکاتە لەوانەیە هەندێک کەس هەر زاتی نەکردبێ دەنگ هەڵبڕێت و هەندێک لە ستایش کردنی ئەو کەڵە نووسەرانە بەولاوە، هیچی دیکەیان نەوتووە، بەڵام مەنگوڕی هاتووە هەقیقەتەکەی وتووە. بۆ وێنە لەگەڵ "گۆران، بێکەش و کامەران موکری"یدا هەیبووە، بۆ وێنە کامەران موکری لە وێنەیەکی شیعریدا کە دار و بەرد و دیاردە سروشتییەکانی شوبهاندووە بە شاری سلێمانی. هەروەک دەزانین مەنگوڕی لەسەر ڕێبازی کلاسیکی شیعری نووسیوە کە پێی دەوترا ڕێبازی باو یان تەقلیدی لە نووسینی شیعردا. ڕەنگە ئەو سەردەمەش کە شیعری تازە، یان ڕۆمانتیک یان ڕیالیزم یان ئەو شیعرە نوێیەی کە بێ قافیە دەنووسرێت، وێنەی شیعریی تێدا زیاتر بەهێزە، مەنگوڕیش هاتووە ئەڵێ لەم وێنە شیعرییەدا سەرکەوتوو نەبووە. لە کاتێکدا ڕەفیق حیلمی بە شان و باڵی ئەو شاعیرانەدا هەڵدەڵێ، یان لەبارەی گۆرانەوە قەسەی کردووە، ئەم سەردەمەش قسە لەم بارەوە هەیە کە ئەم جۆرە شیعرانەی کە ئێستا ئەنووسرێن، یان هەندێ شاعیر کە بە شێوازی نوێ دەنووسن، ئەڵێن تەنیا قسەی ڕووتن، کەواتە بەشێک لە شاعیرانی ئێستاش هەست بەوە دەکەن کە زیاتر چێژ لەو شیعرانە وەردەگرن کە کێش و سەروایان هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندێک شاعیر توانیویانە لەم بوارەدا هەڵکەوتوو بن کە وێنەی شیعریی زۆر جوانی هەبووە و فیکر لەناویاندا دەوری گێڕاوە، بەڵام مەنگوڕی توانیویەتی ئەو ڕەخنانەی خۆی لەو شاعیرانە بگرێت. لەگەڵ نەمر بێکەسدا بە هەمان شێوە ڕەخنەیان لە یەکتر گرتووە، بێکەس یەکەم جار ڕەخنە لە شیعری مەنگوڕی دەگرێت کەلە سیعرەکانیدا لەنگی هەیە و ئەمیش هاتووە بە زمانێکی زبرتر وەڵامی بێکەس دەداتەوە، چونکە بێکەس گوتوویە "دارێکم بەدەستەوەیە هەردوو سەری ....."

مەنگوڕیش کە دێتەوە وەڵام ڕوو بە بێکەس دەڵێ ئەدیب لەسەرووی هەموو شتێکەوە دەبێ ئەدەبی هەبێت. زمانی ڕەخنەکەی مەنگوڕی لە هەندێ بواردا هەست دەکەیت زبرییەکی پێوە دیارە، لەکەدار کردنێکی پێوە دیارە، بەڵام وەڵامەکانیش بە هەمان شێوە بوون، کەواتە ئێمە ئەتوانین بڵێین ئایا ڕەخنەی ئەدەبی کوردی کە دەستی پێکردووە ئەو زمانە زبرەی هەر تێدا بووە، ئەمە شتێک نیە کە تازە بێت. زمانی زبر لەناو ڕۆژنامەنووسیی ئێمەدا، لەناو دنیای ڕەخنەی ئێمەدا بەردەوام هەبووە، جگەلەوە مەنگوڕی لە بابەتی ستایش کردن زۆر خۆی بواردووە، ئەو ستایشی کەسی نەکردووە کە تەنانەت ئەگەر کارکانیشی باش بووبێت، چونکە بە ئەرکی خۆی زانیوە، بەڵام دواجار میرزا مەنگوڕی کە هاتۆتە سەر ئەوەی کە ستایشی پیرەمێرد بکات، بەڵێ جوانترین چامەی شیعری بۆ پیرەمێرد نووسیوە لە کاتی مردنیدا، بۆ شێخ مەحموودی نەمر کە ڕەنگە شێخ مەحموود یەکێک بووبێت لەو کەسانەی کە بەشێک لە ژیانی مەنگوڕیی داگیر کردووە، چونکە پێوەندی و دۆستایەتییەکی بەهێزی لەگەڵیان هەبووە، بەڵام دواجار ڕەخنەی زۆریشی لە شێخ مەحموود گرتووە، دوای ئەو ڕەخنانەش سەرەنجام هاتووە چامەیەکی گەورەی شیعری بۆ کۆچی دوایی شێخ مەحموود نووسیوە. یان بۆ بێکەس کە یەکێکە لە شیعرە جوانەکانی مەنگوڕی کە بۆ بێکەسی نووسیوە، جگەلەوە بۆ شاعیر و نووسەرانی دیکە. یان بۆ پێشەوا قازی محەمەد کە بۆ خۆی بەشدارییی لە کۆماری کوردستاندا کردووە ڕەخنەی لێگرتووە و لە هەمان کاتدا دواتر شیعرێکی جوانی بۆ نووسیوە. کەواتە دەتوانین بڵێین هەرچەند ئەو زمانەی کە ئەو ڕەخنەی پێگرتووە زمانێکی زبر بووە، بەڵام هاوکات ڕەخنەکە لەسەر بنیاتێکی فیکری بووە، دەتوانین بڵێین لە ئاگاییەوە بووە، لە خەمخۆریی ئەوەوە بووە. ئەو ڕەخنەیەکی بنیاتنەرانەی



شێرکۆ مەنگوڕی لەسەر گڵکۆی میرزا مەنگوڕی

گرتووە، رەخنەیەک نەبووە لەسەر بنەمای رق و کینە و تۆڵە سەندنەوە بووبێت، ئەگینا پێویستی نەدەکرد ئەوکاتە جوانترین شیعری خۆی بۆ پیرەمێرد یان بێکەس بنووسێت، ئەگەر بابەتەکە بابەتێکی رق و تۆڵە بووبێت. بۆیە دەبینین دنیابینیی مەنگوڕی بۆ رەخنە دنیابینییەک بووە کە لەسەر فیکر بووە و بیرو بۆچوونی تایبەتی خۆی نەهێناوە لەگەڵ گەوهەری رەخنە تیکەڵی بکات، هەر ئەوەی کە ناوەرۆک و بابەتی کردووە بە هەوێنی رەخنەگرتنی خۆی، ئەمانە هەموویان وایان کردووە کە مەنگوڕی لەو کێشمەکێش و ململانێیەدا بێت و دوور کەوتنەوەشی لە شاری سلێمانی لە سالانی ١٩٤٦ کە بەشداریی کۆماری کوردستانی کردووە، هەتا سالانی ٤٨ و ٤٩ کە جارێکی تر گەڕاوەتەوە سلێمانی، ئەم پەرتبوونەی مەنگوڕی وای کردووە کە لەو سەردەمەدا وەکو هەر نووسەر و ئەدیبێکی تر دیوانە شیعرییەکەی خۆی چاپ نەکات، دڵنیام کە ئەگەر مەنگوڕی یەکەم دیوانی خۆی لە دەیەکانی ٣٠، ٤٠ یان ٥٠کاندا چاپ کردبا، ئەوا ئەویش وەک ئەو شاعیرانەی تر ئەو دیوانەی ئەڕۆیشتە ناو شیعری قوتابخانەکان و هۆکاری ئەوەی کە شیعری ئەو شاعیرانەی ئەو سەردەمە کە ئێستا ماونەتەوە، ئەوەیە کە شیعریان چووەتە ناو قوتابخانە و لە منداڵییەوە بەناوی ئەو کەڵە شاعیرانەوە گۆچ کراون، بەڵام مەنگوڕی لەبەر ئەوەی کە دەرفەتی نەبووە، یان بواری بۆ نەڕەخساوە دیوانەکەی خۆی چاپ بکات و وەکو نووسەرانی دیکە کتێبەکانی بخوێنرێنەوە، بۆیە مەنگوڕی کەمتر دەرکەوتووە و ناسراوە. من ئەوە بە یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکان ئەزانم، ئەگینا بێت و بەراوردی نووسینی مەنگوڕی لەگەڵ هەر شاعیرێکی هاوسەردەم و هاوتەمەنی خۆی بکەیت، ئەوا مەنگوڕی بە دەیان و بە چەندین کتێب و پەڕاو و بوار پێش ئەو نووسەرە کەوتووە، چونکە نەک دیوانێک، بەڵکو چوار دیوانی هەیە، مێژوویەکی کوردستانی لە سالی ١٩٤٥وە هەتا ١٩٨٤ نووسیوە، کۆمەڵێک چیرۆک و بابەتی فیکری و ئایینیی هەیە، ئەمانە هەمو بەرهەمی مەنگوڕین. حەوت هەزار چوارینەی شیعری هەیە، ئەم حەوت هەزار چوارینەیە بۆ خۆی شاکارێکە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە بۆ شاعیرێک ئەبێ تەنیا بە دیوانێک ناوی بەردەوام لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بمێنێتەوە، بەڵام مەنگوڕی کە ئەم هەموو بەرهەم و شاکارەی هەیە وەکو پێویست ناوی نەبێت، ئەوە هۆکارێکە کە ئەو ناوی بە بەرهەمەکانییەوە یان شیعرێکی نەچۆتە ناو کتێبەکانی خوێندنەوە. چونکە نەوەکان لەناو کتێبەکانی خوێندنەوە دەزانن کە ئەمە پیرەمێردە، ئەمە سالمە و گۆران یان هەر شاعیرێکی ترە، بەڵام مەنگوڕی ئەو شانسەی بۆ نەڕەخساوە کە ئەویش وەکو شاعیرەکانی تر ناوی بچێتە ناو کتێبەکانی خوێندنەوە.

**※هەروەک باست کرد مەنگوڕی لە چەند وێستگەیەکی ژیانیدا زیاتر لە چواردە جار ئاوارە بووە، پرسیار ئەوەیە کە کام لەو قۆناغانەی ژیان کاریگەرییان لەسەر بیر و هزر و بەرهەم و ژیانی سیاسیی هەبووە؟**

-یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مەنگوڕی ئەوەیە کەلە هەموو وێستەگەیەکی ژیانی دەڕوانی، ئەو رووبەڕوو بوونەوە، زیندانی و مەترسییانەی کەلە ژیانیدا دروست بوون، کاریگەرییان نەکردۆتە سەر ویست و ئیرادە و بەردەوامییەتیی مەنگوڕی. سالی ١٩٣٨ دوای ئەوەی رەخنە دەگرێت، دەستبەسەر و دادگایی ئەکرێت و دەنگ هەڵئەبڕێت و ئیدی دەست لە نووسین هەڵئەگرێت و کتێبەکانی خۆی ئەسووتێنێ. مەنگوڕی دوای تەواو کردنی حوکمی زیندان، بەبێ ئەوەی کە چۆک دابدات، هێندەی دیکە ورەی بەهێزتر ئەبێت و دەڕوات و بەشداریی کۆماری کوردستان ئەکات، لەوێش بەشدارییەکەی هەر ئەوە نەبووە وەکو کەسایەتییەکی شۆڕشگێر یان وەکو شاعیر و نووسەرێک ئامادە بێت، وەکو کەسێک کە بتوانێ ئەو مێژووە بگێڕێتەوە و بینووسێتەوە. هەر ئەمەش وای لێکرد کە یازدە رۆژ لە کۆماری کوردستاندا زیندانی بکرێت. لەسەر ئەو بیروبۆچوونە جیاوازانەی کە لەبارەی چوار ئەفسەری کورد لە کۆمار هەیبووە، یان بە بۆنەی ئەو رەخنانەی کەلە قازی محەمە، یان لە مەلا مستەفا و حەمەڕەشید خانی بانەی گرتووە، بڕیار زیندانی کردنی دراوە. ئەمانە وایان کردووە کە مەنگوڕی لە هەر قۆناغێکی ژیانیدا لەژێر هەر بیرێکدا بێت ئەو توانایەی خۆی بخاتە گەڕ کە ئەو بیرۆکە و ئایدیایە کاریگەریی تێنەکات. چونکە یەکێک لە ئەرکەکانی رووناکبیر ئەوەیە کە نەکەوێتە ژێر کاریگەریی بیری دەورووبەرییەوە، بەڵکو دەبێ بە پێچەوانەوە بێت دەبێ ئەو کاریگەری لەسەر بیرە بنەماییەکان دابنێت. بۆیە مەنگوڕی لە هەموو ئەو شوێنانەی کە تێیدا ژیاوە، هەر پێداگر بووە لەسەر بیرباوەڕی تایبەتیی خۆی. نموونەیەکی تر سالی ١٩٧١ کە فیتوای کوشتنی دەردەچێت، لە رانیە شاربەدەر دەکرێت، هەرچۆنێک بێت بە هەوڵی دڵسۆزان و هاوڕێیانی رەوانەی تەویڵە دەکرێ، دوای سالێک (١٩٧٢) کە نیشتەجێی تەویڵەیە دیسانەوە جارێکی تر لەوێ بزووتنەوەی شانۆیی ساز دەکات و شانۆی کاوەی ئاسنگەر دەنووسێ کە بەشێک لە نووسەر و رۆشنبیرانی دەڤەری هەورامان باش ئەو راستیە دەزانن کە مەنگوڕی لەبری ئەوەی کە دابنیشێ و چۆک دابدات و ئیتر ببێتە مایەی نائومێدی و وازهێنان، نەخێر جارێکی تر تێهەڵچووەتەوە، کەواتە مەنگوڕی لەناو ئەو بیر و بۆچوونانەی کە لە دەوروبەر و ژینگەی ژیانیدا بوون، نەیانتوانیوە کاریگەریی لەسەر دابنێن، چونکە مەنگوڕی بە ئەرکی سەرەکیی ژیانی خۆی وەک ئەدیب و




رووناکبیر زانیوە کە دەبێ ئەو کاریگەری لەسەر ئەو سەرچاوە فیکرییانە دابنێت.

**※دەبینین لە کۆ بەرهەمی مەنگوڕیدا وەرچەرخان دێتە ئاراوە، ئەو رۆحیە بەرەنگارەیی کە هەیبووە بۆ سەردەمی خۆی ناوازە بووە، پێت وا نیە مەنگوڕی پێش زەمەنی خۆی بووە؟**

-کە دەڵێین مەنگوڕی پێش زەمەنی خۆی بووە، بەو مانایەیە کە خوێندنەوەی جیددی و بەدواداچوونی بۆ بیروبۆچوون و رەوتە فیکرییەکانی سەردەم و دەورووبەری خۆی هەبووە، یان لەوەدا دەردەکەوێ کە هەتا ئێستاش دوای ٢٥ سال لەمەرگی، هەر بەرهەمێکی کە دیسان چاپ ئەکرێتەوە، دیسان گۆبەندێک ساز ئەکات. بەرهەمەکانی مەنگوڕی چ لە سەردەمی خۆیدا کە چاپی کردوون و هەرایان ناوەتەوەو بوونەتە جێگای گفتوگۆ، واتە بەرهەمی ئاسایی نەبوون کە هەروا بەسانایی تێپەڕن، کە یان ستایش بکرێن، یان کۆمەڵێک خوێندنەوەیان بۆ بکرێت، بەڵکو یەکەم کەس کە رووبەڕووی سەرئێشە بۆتەوە، خۆی بووە وەک نووسەر کە دواجار بەرەوڕووی کۆمەڵێک رەخنە و ململانێی دژوار بۆتەوە. واتە راستە مەنگوڕی وەکو شاعیرانی دیکە نەناسراوە، بەڵام لەمەدایە دەتوانین بڵێین نەمرییەکەی بەردەوامە کە هەتاکوو ئێستاش بەرهەمەکانی بە زیندوویی ئەمێننەوە و بەرهەمەکانی دوای چاپکردنیش کۆمەڵێک بابەتی دیکەش ئەوروژێنن. بە درێژایی ٢٠ سالی رابردوو لە سەردەمی ئازادیی کوردستاندا، توانیومانە بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانی مەنگوڕی لە دیوان و بەرسەرهات و رووداوەکان چاپ بکەینەوە کە هەر یەک لەو کتێبانە کۆمەڵێک کێشە و گرفتیان بۆ ساز کردووین، کۆمەڵێک بیروبۆچوونیان تێدایە و هەشت کتێبی دیکەی هەتا کە هەتا ئەم سەردەمەش ناوێری دەستیان بۆ بەری و چاپیان بکەی. واتە دەبینین مەنگوڕی لە سەردەمی خۆشیدا هەم بەرهەمەکانی وەرچەرخانێک بوون لە ژیانیدا و هەرم لەمەڕ روانگە و دنیابینیدا پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتووە. مەنگوڕی ئەو رووبەڕوو بوونەوانەی کە هەیەتی تەنیا لەگەڵ توێژی نووسەر و رووناکبیران نیە، یان تەنیا لەگەڵ ساسەتمەدار و سەرکردەکان نەبووە، بەڵکو لەگەڵ ئاغا و دەرەبەگدا بووە. بۆ نموونە یەک لەو شیعرە بەرزانەی مەنگوڕی کە بەردەوام "عەباس ئاغای" کۆچکردوو کە رەنگە یەکێک لەدۆستە هەرە نزیکەکانی بووبێت، هەمووکات پێی وتووە هەر شیعرێک دەڵێی ئەو شیعری ئاغاو رەنجبەرە مەڵێ، بۆ؟ چونکە زانیویەتی مەنگوڕی دەیەوێ بەم شیعرە شۆڕشێک دژی ئاغاکان بەرپا بکات، بەڵام خۆشەویستییەکەی عەباس ئاغا وای نەکردووە کە مەنگوڕی سەرکوت بکات، بەڵکو پێداگریی کردووە بەردەوام باسی شیعری ئاغا و رەنجبەری کردووە کە ئەڵێ:

ئاغا گوێبگرە با تێت گەیەنم
زاخاوی دڵمت بۆ هەڵرژێنم
ئەو رۆژە رۆیی سوژدەت بۆ بێنم
دەستم بۆ بێنی دەستت دەشکێنم
بۆ دەنکە جۆیەك چاوت دەردێنم

ئەمە لەسەر زاری جووتیارێکەوە لە سالانی پەنجاکاندا واتە لە سالی ١٩٥٣ەوە کە مەنگوڕی دەکەوێتەوە "بەری پشدەر" و "دەشتی بیتوێن" ئەو سەردەمە کە سەردەمی بالادەستیی ئاغاوات بووە، مەنگوڕی دەیهەوێت بەم شێوەیە هانی جووتیار بدات کە روبەڕووی ئاغا بێتەوە. ئەمە بۆ شاعیرێک یان بۆ نووسەرێک زۆر بەدەگمەن دەبینرێت کە ئەم هەڵوێستە بوێرانەی هەبێت لەو سەردەمەدا. ئەمە بێباکیی مەنگوڕی دەرئەخات بەرامبەر بە ژیان، بەرامبەر بە دەسکەوتێکی مادی، بەڵکو ئەرکە ئەدەبییەکەی و ئەرکە رووناکبیریەکەی بەلاوە گرنگتر بووە. بەڵی بەم هەڵوێستانەدا مەنگوڕی ئەناسرێتەوە کە لە سەردەمێکدا کە دەسەڵاتی ئاغا بەو شێوە بووە و لە سالانی دەیەی ٣٠یشدا هەروەک باسم کرد کە چۆن چۆنی رووبەڕووی دەسەلاتی ئەوکاتەش بۆتەوە، یان لەگەڵ توێژی رووناکبیراندا، کەواتە مەنگوڕی بەردەوام لەناو رەخنەدا ژیاوە، بۆیە ئێستاش ئەم نەوە رۆشنبیرە تازەیە کە دێن و قسە لەبارەی مەنگوڕییەوە دەکەن، دەبینن بەڵێ مەنگوڕی فەرامۆش کراوە، بەڵام ئەوە زیندوویەتیی بەرهەمەکانیەتی، ئەوە زیندوویەتیی هەڵوێستەکانیەتی کە وایان کردووە مەنگوڕی بەردەوام خوێندنەوەی تازەی بۆ بکرێت.

# دامـــەزرانـــی شـــاری سلێمانی

سلێمانی سەری بەرزە بەهۆی ناوی سلێمانی
قەڵاتیکی چڕو سەختە بەجێ ماوە لە بابانی
وەکو (بورکانی ئاگر وایە بۆ پیرو بۆ گەنجانی
کوڕو کچی یەك مەبەست ئەمڕۆ هەیانە سۆزی نیشتمانی
بەناو شارێکە ئەما قیبلەی کوردە بەبێ وەستان
بەشاری هەڵمەتو قوربانی ناوی چۆتە ناو داستان

* * *

بەدانیشگەی ڕەووشت ئەم شارە ناوی چۆتە ناو ناوان
هەمو لایەکی پڕکراوە لەبیرو باوەڕی لاوان
ژنیش وا چونەتە مەیدان بەیەك هەڵمەت وەکو پیاوان
بەسەربەستی ئەژین وا مەرگیان خستۆتە بەرچاوان
خوداو نیشتمانو ئازادی پەرستە خەڵکی ئەو شارە
لەژینی ژێر چەپوك گەورەو بچوکی ئەمڕو بیزارە

* * *

دوسەت ساڵێکە ئەم شارە بەڵام دوسەت شەڕی کردوە
لەگەڵ (ئیرانو تورکو ئەنگلیزا) چەند مەعرەکەی گرتوە
ئەوەی دەستی لەماف دابێ وەکو شێر جەرگی کون کردوە
لەمردن قەت نەترساوە خودا ئاوای دروست کردوە
هەتا ئەمڕۆ وها ژیاوە بەسەر شوڕی ئیتر ناژی
کەدوژمن چەند بەهێزتر بێ بەهەڵمەتیان ئەکا بازی

* * *

لەگەڵ شوڕشی (ئەمریکا) سلێمانی دروست کراوە
سلێمانی) بەئەبجەد تەئریخی ساڵێکە دانراوە
لەکانێسکانو مەڵکەندی) بناغەی شاری ڕێکخراوە
بەیادگاری سلێمانی (بەبە) ئەو شارە ناونراوە
لەدانیشتوی قەڵاچوالان) سلێمانی دروست کراوە
لەدارەشمانەوە) ناوی (بەبە) کەوتوتە ئەو ناوە

* * *

بەعقڵیکی (ئەلەکترۆنی) ئەژی ئەم کومەڵو هۆزە
لەگەڵ کونەپەرستیو ڕەجعیەت تۆراوو ئاڵوزە
خەرافاتیان لەناوداوە ڕەووشت یان شیرنو قۆزە
کوڕو کچی یەك مەبەست خاوەن خەباتو کوششو سۆزە
لەئەم شارە نەماوە ترسو ئەندێشەی دواڕۆژی
پرۆگرامی هەمویانە خوداو نیشتمانو دڵسوزی

* * *

لەباوەشی (ئەزمەڕو) گویژەو) گڵەزەردە) بەخێوکراوە
بەئاوی تانجەروو دوکان) سروشتی ڕێکو نەخشاوە
چیای پیرە (مەگدرونی) هەمیشە وا لەبەرچاوە
بەگوڵزاری خودا کرد چوار فەسڵ هەر سوورو رەنگاوە
لەهەرلا باوە شادمانی بەهەڵ پەڕکی کوڕو کچانی
مەلی ئازادی ئەخوینی لەسەر شاری سلێمانی

* * *

هەمو تێرو تەسەل ناوچاو گەشاوە خەڵکی ئەم شارە
سەراپا باخەڵی دانیشتوەکانی پڕ لەدینارە
لەبازرگانو توجاڕی دروشمو پەیکەری دیارە
لەهەستو بیروباوەڕدا نمونەی چەرخی روزگارە
لەئازادیو سفوریدا گەیشتۆتە پلەی بەرزی
دوژمن هەر بجولێ تێکی ئەشکێنن سوپاو مەرزی

**۲۲/نیسانی ۱۹۸٤**

**میرزا مەنگوڕی**




گەشتی ئەستێرەی مەریخ

خاوەنی ئیمتیاز: د. فوئاد مەعسوم
سەرپەرشتیار: جەمال لۆلۆ
سەرنووسەر: ستران عەبدوڵڵا
دیزاین: ئەلبورز رەشید رواندزی

کوردستانی نوێ